کتێبی گیرفان

125

مۆریس کرانستۆن

# جان پۆڵ سارتەر



## مرۆڤێکی تەنیا لە جیهانێکی جەنجاڵدا

لە ئینگلیزییەوە

فوئاد عەبدولڕەحمان

مۆریس کرانستۆن
جان پۆڵ سارتەر
فوئاد عەبدولڕەحمان

Maurice Cranston

# Jean- Paul Sartre

## Solitary Man in a Hostile Universe

Translated into Kurdish by: Fuad A. Ommar

Pocket Book
2013

# جان پۆڵ سارتەر:

# مرۆڤێکی تەنیا لە جیهانێکی جەنجاڵدا

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی گیرفانی ژمارە (١٢٥)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

www.serdem.net

kteb@serdem.net

# جان پۆل سارتەر:

## مرۆڤێکی تەنیا لە جیهانێکی جەنجاڵدا

نووسینی:

مۆریس کرانستۆن

وەرگێڕانی (لە ئینگلیزییەوە):

فوئاد عەبدولڕەحمان

ناوی کتێب: جان پۆل سارتەر:
مرۆڤێکی تەنیا لە جیهانێکی جەنجاڵدا
نووسینی : مۆریس کرانستۆن
وەرگێڕانی (لە ئینگلیزییەوە): فوئاد عەبدولڕەحمان
بابەت: فەلسەفی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٣
کوردستان ـ سلێمانی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە (١٤٧١)ی ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە
مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# ناوەڕۆک

پێشەکیی وەرگێڕ........................۷
دەقی وەرگێڕراو...........................۲٥
پەراوێزو سەرچاوە........................۸۲

# پێشەکی

## بە پێنووسی وەرگێڕ

خوێنەری خۆشەویست ..
گرنگیی ئەم نووسینە، کە بۆ تۆی بەڕێز وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەوەدایە، کە باس لە لایەنێکی تەوەرییبانە لە فەلسەفەکەی سارتەر دەکات، کە ئەویش ڕێبازە دیالێکتیکەکەیەتی.
من لێرەدا بەر لەوەی تۆ بخەمە نێو بابەتی نووسینەکەوە، بە پێویستم زانی بە پێنووسی خۆم دەرگای ئەم پێشەکییەت بۆ بکەمەوە، کە ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەییانەیە سەبارەت بە ڕێبازی دیالێکتیک **dialectic**. بەڵام، بەر لەوەی دەرگای بابەتی پێشەکییەکە بکەمەوە، بە پێویستی دەزانم پێناسەی زاراوەی ڕێباز **method** بکەم. بێگومان لەبەر ئەوەی بابەتەکە لەم کتێبەدا دەربارەی فەلسەفەیە، کەواتە ئەوەی پێویستە پێناسەی بکەم،

ڕێبازی فەلسەفییە، چونکە ڕێبازی فەلسەفی تایبەتمەندیی خۆی هەیەو جیاوازە لەگەڵ هەر ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەیی، یاخود توێژینەوەیی‌تر.
هەر دانە ڕێبازێکی فەلسەفی لە چەند تیۆرێکی فەلسەفی پێک دێت، کە وەک هەڵقەی زنجیر پێکەوە گرێدراون‌و ڕێبازە فەلسەفییەکەی لێ پێکدەهێنن. هەر یەک لەم تیۆرە فەلسەفییانەش هەڵوێست وەرگرتنی تایبەتی فەیلەسووفێکن دەربارەی کێشەیەکی فەلسەفیی تایبەت، هەروەها هەر تیۆرێکی فەلسەفی پێک دێت لە چەند ئارگیومێنتێک[1]، کە پێکەوە گرێدراون. هەر ئارگیومێنتێکیش بۆ ئەوەیە، کە فەیلەسووف بە بەڵگە بیسەلمێنرێت، کە ئایا ئەو گریمانەیەی، کە دەیخاتە ڕوو، ڕاستە، یان هەڵەیە. هەر ئارگیومێنتێکیش لە چەند چەمکێک **proposition** پێکدێت، هەر چەمکێکیش بە شێوەی سەرەتاو ئەنجام دەخرێتە ڕوو.
ڕێبازی فەلسەفی بریتییە لە بۆچوون **concept** دەربارەی کێشەیەکی فەلسەفی، یاخود پرسیارێکی فەلسەفی، کە هێندە پەنهان‌و ئاڵۆزو تەمومژاوییە، کە مرۆڤ ڕابمێنێت‌و نەزانێت چۆن وەڵامەکەی دەستکەوێتەوە. دەبێت ئەوەش بزانین، کە مەبەست لە نەزانیمان ئەوە نییە، کە هۆکارەکەی تەنها ئەوە

بێت، کە پەنهانیو ئاڵۆزیو تەمومژی لە پرسیارەکەدا هەبێت، چونکە (نەزانی) خۆی لە خۆیدا کێشەی فەلسەفی نییە، بەڵکو لەوەدایە، کە هەموو شتەکان دەزانین، بەڵام لێیان تێناگەین. کێشەی فەلسەفی ئەوەیە، کە بمانەوێت دەست پێبکەین بۆ لێتێگەیشتنمان لە شتەکان، کە بزانین ڕوونو ئاشکرانو ئاسانن بۆ تێگەیشتن، بەڵام کاتێک، کە لێیان قووڵدەبینەوە، دەبینین، کە هەتا لێیان قووڵ ببینەوەو هەوڵ بدەیهن زانیارییان لەبارەوە کۆبکەینەوەو بیریان لێ بکەینەوە، کەچی هەتا دێن قووڵتر دەبنو پەنهانیترو ئاڵۆزترو تەمومژاویتر دەبن. هەر وەکو ڤێتگنشتاین دەڵێت: "کێشەی فەلسەفی ئەوەیە، کە دەمانەوێت ڕێگایەک بگرینە بەر بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام نازانین ڕێگاکە چییە بۆ ئەوەی بیگرینە بەر."[٢] یاخود هەر وەکو بێرتراند ڕەسڵ دەڵێت: "ئامانجی فەلسەفە دەستپێکردنە بە شتێکی زۆر زۆر ئاسان، بە جۆرێک، کە شایانی ئەوە نەبێت هەر باسی لێوە بکرێت، کەچی لە کۆتاییدا گەیشتنە بە دەرەنجامێکی زۆر سەیر، کە لە باوەڕی هیچ کەسێکدا نەبێت، یاخود کەس هەر باوەڕی پێ نەکات."[٣] بۆ نموونە، ئێمە هەمووومان درک بە شتەکانی دەوروبەرمان دەکەین، بەڵام هێشتا نازانین

درککردن خۆی چییه. کاتێک، که بۆ نووسینی چەند دێڕێک پێنووسەکەم به دەستمەوە دەگرم، که تەماشای پینووسەکەم دەکەمو دەیبینمو هەستی پێ دەکەم، پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ڕاستەوخۆ دەیبینمو هەستی پێ دەکەم، یاخود به ناڕاستەوخۆ دەیبینمو هەستی پێ دەکەم؟ لێرەدا درک پێکردن مەسەلەیەکی ئاسان نییه. بۆ نموونه ڕەنگه بڵێم من به ناڕاستەوخۆ درک به پێنووسەکەی نێو پەنجەی دەستم دەکەم، واته ئەوەی من ڕاستەوخۆ درکی پێدەکەم، خودی پێنووسەکه نییه، بەڵکو کۆمەڵێک داتای هەستن دەربارەی خەسڵەتی ڕەنگو شێوەو قەبارەو ئەستووریو ڕەقیو.. هتد. من له ڕێگای ئەم داتایانەوە درک بەم پێنووسەی نێو پەنجەی دەستم دەکەم، ئەگینا ڕاستەوخۆ درک به خودی پێنووسەکه ناکەم. واته من له ڕێگای ئەو خەسڵەتانەوە، که باسمکرد، هەڵمهێنجاوەو زانیومە، که ئەمه پێنووسه له نێو پەنجەی دەستمدایه. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، که ئاخۆ من کۆمەڵێک خەسڵەتی جۆراوجۆرم به دەستەوە گرتووە، یان پێنووس؟ ئایا هەر تەنیا ئەندامەکانی هەست بەسن بۆ ئەوەی به هۆیەوە درک به شتێک بکەم، یان پێویستم به شتیتریش دەبێت، وەک ئەزموونەکانی پێشوومو لێکدانەوەم به مێشکو..

هتد؟ ئاخۆ ڕێی تێ ناچێت، ئەگەر بێتو بە ئەندامەکانی هەستم باوەڕ بە بوونی شتێک بکەم، بەڵام ئەو شتە خۆی لە واقیعدا بوونی نەبێت؟ بۆ نموونە بڵێم (جنۆکە)، یاخود (شەیتان) بوونی هەیە، چونکە هەندێک کەس هەستیان بە بوونی کردووە؟ یاخود ئەگەر پێنووسەکەم، کە ڕێکە، بیخەمە نێو پەرداخە ئاوێک، کە لە سەر مێزەکەم دانرابێت، کە ببینم پێنووسەکە لە نێو پەرداخە ئاوەکەدا شکاوەتەوە، ئایا بە هۆی کاریگەریی فیسیۆلۆجیو فیزیکییەوەیە؟ ئایا شتێک ئەگەر سوور بێت، ئاخۆ سووریەکەی لە بوونەکەیدایەتی، یاخود سووریەکەی بە هۆی تیشکو ڕووناکیەوەیە، کە دەکەوێتە سەر ڕووبەری شتەکە؟ زۆر پرسیاریتریش لەم جۆرە هەیە، کە دەمەوێت وەڵامەکەی بزانم. نموونەی گەورە ئەوەیە، ئایا چۆن بزانم خوا هەیە، ئایا هەر بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ، واتە بە ڕێگای بوونی ئاسمانو زەویو شاخو شەوو ڕۆژ بزانم، کە خوا بوونی هەیە، یان بە ڕێگای ڕاستەوخۆ؟

ڕاستە ڕەنگە من بە ڕێگای هەست بزانم، کە شتەکانی، کە لە بووندا هەن، خەسڵەتەکانی چۆنن، بەڵام چۆن بزانم خوا خەسڵەتەکانی چین؟

هەڵبەت بۆ وەرگرتنی وەڵام سەبارەت هەموو ئەم جۆرە پرسیارانە، پێویستم بە بڕوای تەواو هەیە، کە ڕاستییەک بێت گومانی تێدا نەبێت.
بە هەر حاڵ، تیۆری فەلسەفی سێ بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێت: (ئێپستمیمۆڵۆجیو مێتافیزیکو فەلسەفەی زانست).
ئێپستیمۆڵۆجی، کە بە واتای تیۆری زانین دێت، بۆ ئەو مەبەستەیە، کە بابەتییانە گومان لە بیرکردنەوە سەبارەت بە ڕاستیی، یاخود ناڕاستیی چەمکێک نەهێڵێت.
مێتافیزیک، بە واتای لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە دێت دەربارەی ئەودیوی فیزیک، بۆ نموونە پرسیار لەوەی ئایا خوا هەیە، یان نییە؟
فەلسەفەی زانستیش دەربارەی لۆجیکو ماتماتیکو زانستە سروشتییەکانو فەلسەفەی مێژووو فەلسەفەی ڕامیاریو.. هتدە.
فەیلەسووف یەکەم هەنگاو، کە بینێت بۆ ئەوەی لێیەوە بمانگەیەنێتە باوەڕی تەواو، کە گومانی تیادا نەبێت، ڕێگای گریمانەی فەلسەفییە. دوایین ڕێگایشی سەلمانەی **proof** فەلسەفییە. گریمانەی فەلسەفی خۆی لە خۆیدا بۆچوونە سەبارەت بە ڕوانگەمان بۆ جیهانو بوون، کە پرسیارمان لا دروست دەکات. بەڵام

ڕوانگەمان سەبارەت بە شتەکانی نێو بوون، کاری فەیلەسووفەکان نییە، بەڵکو کاری زانایانە. فەیلەسووفەکان بۆ زانینی ڕاستیی بوون، کە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، لە گریمانەوە دەست پێدەکەن. بە واتایەکی‌تر، هەر فەلەسووفێک لە گریمانەیەکی خۆیەوە دەست پێدەکات بۆ زانینی ڕاستییەکان. لە مێژووی فەلسەفەدا، هەر فەیلەسووفێکو بە جۆرێک هەوڵی داوە پەیڕەوی ڕێبازی فەلسەفیی خۆی بکات بە مەبەستی ئەوەی فەلسەفەکەی خۆیی لێوە ڕوون بکاتەوەو نیشانی ئێمەی بدات. بەڵام فەیلەسووفان هەموویان خاوەنی ڕێبازی فەلسەفیی تایبەت بە خۆیان نەبوون، یاخود هەموو فەیلەسووفان لە مێژووی فەلسەفەدا بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە، کە ڕێبازی فەلسەفیی تایبەت بە خۆیان هەبێت، تەنها هەندێکیان نەبێت. تەنانەت هەندێک لە فەیلەسووفان پەیڕەوی زیاتر لە ڕێبازێکیشیان کردووە، بگرە تێکەڵیشیان کردووە. هەڵبەت لە مێژووی فەلسەفەدا، ئەو فەیلەسووفانەی، کە ڕێبازی خۆیانیان ئاشکرا کردووە، دیارن، بۆ نموونە: ئەفلاتۆن، کە ڕێبازەکەی ناسراوە بە دیالێکتیکی بەرزبوونەوە، یاخود (گریمانەیی). ئەرستۆ بە دوای ئەودا دێت، کە ڕێبازەکەی ناسراوە بە

نواندنی، یاخود لاساییکردنەوە، کە بە زمانی ئەم سەردەمەش دەتوانین ناوی لێ بنێین (کۆپی کردن).
دوای ئەو دێکارت دێت، کە خاوەنی ڕێبازی (گومانو باوەڕ)ە. لە دوای ئەم ئێمانوێل کانت دێت، کە ڕێبازەکەی ناسراوە بە (ترانزندنتاڵی)، واتە ئەوەی، کە لە سەرووی هەستەوەیە. پاشان هێگڵ دێت، کە ڕێبازەکەی ناسراوە بە ئایدیالیزمی دیالێکتیکی. لە دوای ئەم کارڵ مارکس دێت، کە ڕێبازەکەی ناسراوە بە ماتریالیزمی دیالێکتیکی. ئەوجا هێنری بریگسۆن دێت، کە ڕێبازەکەی ناسراوە بە خۆرسکی. دوای ئەمیش هیوسرڵ دێت، کە ڕێبازەکەی ناسراوە بە دیاردەگەرایی. پاشان جان پۆڵ سارتەر دێت، کە ڕێبازەکەی ناسراوە بە دیالێکتیکی مرۆڤ. دوای ئەم جۆرج مۆرو بێرتراند ڕەسڵ دێن، کە ڕێبازەیەکەیان ناسراوە بە شیکاری.
ئەوەی شایانی باسە، هەموو ئەو ڕێبازە فەلسەفییانە، کە لای سەرەوە باسم لێوە کردن، مشتومڕی زۆریان لە سەر کراوە، بەڵام، ئەو ڕێبازانەی، کە هەرە زۆرترین مشتومڕیان لە سەر کراوە، ڕێبازەکەی هێگڵو مارکسو سارتەر بوون.
ڕێبازە فەلسەفییەکەی هێگڵ، کە ناسراوە بە ئایدیالیزمی دیالێکتیکی، ناسراویشە بەوەی، کە

دیالێکتیکی ڕەهایە، کە پێشی دەگوترێت دیالێکتیکی ئایدیالیزم. دیالێکتیکی ڕەها بە واتای بیری ڕەها دێت، کە هێگڵ بەوە پێناسەی کردووە، کە (بوونی یەکەم) بێت، بەڵام هەرچی بوونێکیتر هەیە، وەکو دیاردەو شتی ئەستوویی (ماددی)، هەر هەمووی تەنها بەرجەستەی ئەم بیرە ڕەهایەنو هیچیتر. ڕێبازی دانانی بیر لە پێش ماددەوە، ناوی لێنراوە ئایدیالیزمی دیالێکتیکی. واتە ئەم بیری ڕەهایە یەکەم جار بە ڕێگای دیالێکتیک بەرەوپێش دەچێتو بەرزدەبێتەوە، ئەوجا ماددە بە دوایدا بەرەوپێش دەچێت. دیالێکتیک بە واتای ململانێی دژەکان دێت، کە هەوێنی بەرەوپیشچوونە. کەواتە ئەم دیالێکتیکی بەرەوپێشچوونە بە ڕێگای ململانێی دژەکانەوە ڕوو دەدات، بەڵام بە سێ سات: یەکەم داخوازی، دووەم دژەداخوازی، سێیەم پێکەوە کۆبوونەوەی داخوازیو دژەداخوازی. هێگڵ کاتێک، کە دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە چۆن دیالێکتیک هەوێنی بەرەوپێشچوونە، دێت باس لە دیالێکتیکی بیر دەکات، دەڵێت لەو جۆرە یەزدانە دەچێت، کە لە نەریتی یۆنانییە کۆنەکاندا (گریکەکاندا) باو بووەو دواجار بۆ ئەوروپییەکان وەک میراتی ماوەتەوە. گریکەکان یەزدانیان بەو جۆرە وێناکردووە، کە هێزێکی ڕەهایی

بێت، کە جووڵەی هەبێتو لە نێو کاتداو لە گۆڕانی هەمیشەییدا بێت لە نێو شوێندا تا دەگاتە ئەو پلە هەرە بڵندەی تیایدا دەبێتە ئاوەز. مرۆڤیش هەر لەم ڕەهەندەوە دەتوانێت ڕامانو ئەندێشەی بکات. هێگڵ دەڵێت دیالێکتیکی بیر لە سروشتدا دەردەکەوێت، کە قۆناغ بە نێو قۆناغی مێژوودا تێدەپەڕێت تا دەگاتە پلەی هەرە بڵندی ئاوەز، یاخود هۆشیاربوون بەوەی، کە خودی خۆی چییە. واتە دیالێکتیکی بیر بە بۆچوونی هێگڵ بڵندبوونەوەیە بە ڕێگای ململانێی دژبەیەکەکان بەرەو ئامانجێک، کە ئەویش ئامانجی چییەتییە، یاخود خودناسییە، کە پلەیەکی ڕەهایانەیە. واتە دەیەوێت بگاتە ئەو پلەیەی، کە ململانێی دژبەیەکەکانی تیادا نامێنێت، کە لە سەرووی پلەی ململانێی دژبەیەکەکاندایە، کە هیچ شتێک لەو ناچێت، تەنها خودی خۆی نەبێت. واتە قۆناغێکە لە دیالێکتیک، کە سنووری نییە، واتە سنووردار نییە، بەڵکو تەنها هەر ڕەهایە.

ڕێبازە فەلسەفییەکەی (مارکس)یش، کە ماتریالیزمی دیالێکتیکییە، کە دیالێکتێکی سنووردارە. لەوەدایە، (مارکس)، کە خۆی شاگردی فەلسەفەکەی هێگڵ بووە، نکۆڵی لەوە کردووە، کە بیرێک هەبێت پێی بگوترێت بیری ڕەها، بەڵکو ئەم بەلایەوە وەها بووە،

که (مادده) خۆی له خۆیدا بوونی یەکەمە، نەک بیر، بەڵکو بیر خۆی له خۆیدا بەرجەستەبوونی مادده خۆیەتی. به لای (مارکس)ەوە مادده بەرەوپێشچوونەکەی تاکو ئەو ئاستەیە، که تیایدا بەرەوپێش چووە، نەک بەرەو ئاستێک بچێت، که ڕەهایی بێتو بگاتە ئەو ئاستەی، که له دەرەوەی سنووری ململانێی دژبەیەکەکان بێت. ئەم دیالێکتیکە لەبەر ئەوەی له سنووری مادده تێناپەڕێت، بۆیە ناوی لێ نراوە ماتریالیزمی دیالێکتیکی. له پاڵ ئەمەشدا، له فەلسەفەکەی مارکسدا جۆرێکیتر هەیە له ماتریالیزم، که ئەویش ماتریالیزمی مێژوویە، مەبەست لەم جۆرەیان ئەوەیە، که ماتریالیزمی دیالێکتیکی لەگەل مێژوودا بگونجێنرێت، واتە له مێژوودا بەرجەستە بکرێت. ئەمە بەو واتایە دێت، که له نێو گۆمەڵگادا شێوازی بەرهەمهێنان (واتە بنەمای ژێرخانی کۆمەڵگا)، به هۆی دژبەیەکی له نێوان ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا، بەرەوپێش دەچێت، که له شێوەی ململانێی چینایەتیدا بەدی دەکرێت. ململانێ چینایەتییەکەش له نێوان ئەو دوو لایەنەدا دەبێت، که یەکێکیان لایەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەو ئەویتریان لایەنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە. کاتێ، که ململانێکە

دەگاتە لووتکە، ئەوجا لایەنێکیتری لێوە لەدایک دەبێت، کە ئەویش لایەنێکی نوێیە لە شێوازی بەرهەمهێنان، کە لە مندالّدانی شێوازی بەرهەمهێنانی پێشترەوە لەدایک بووە. بەم جۆرە، هەموو ئەم بەرەوپێشچوونەش، کە لە ژێرخانی کۆمەڵایەتیدا، واتە لە ژێرخانی ئابووریدا ڕوو دەدات، کاردانەوەی دەبێت لە سەر سەرخانی کۆمەڵایەتی، کە یاساو ڕەوشتو ئایینو هونەرە.

لێرەدا ئەوەی پێویستە ڕەخنەیيانە ئاوڕی لێ بدرێتەوە، کە نە لە ئایدیالیزمی دیالێکتیکیو نە لە ماتریالیزمی دیالێکتیکیدا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، (مرۆڤ)ە. بە گوێرەی ئایدیالیزمی دیالێکتیکی، ئاوەزی یەزدانی ئامانجە ڕەهاکەیە. لە ماتریالیزمی دیالێکتیکیەکەدا کۆمەڵگا ئامانجە ڕەهاکەیە، بەڵام ئامانجی مرۆڤی تاک لە هەردوو دیالێکتیکەکەدا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، تەنها ئەوە نەبێت، کە خاوەن بیرە، یاخود ژمارەیەکی چالاکی کۆمەڵگایە. لەبەر ئەو هۆیە، بەدەر لەو دوو جۆر دیالێکتیکە، کە هەردوو دیالێکتیکە ئایدیالیزمو ماتریالیزمەکە تێپەڕ بکات، دیالێکیکێکیتر دێتە پێشەوە، کە ئەویش (دیالێکتیکی مرۆڤ)ە. سارتەر بۆ ئەمە ڕێبازێکی نوێی بەکارهێناوە، کە ئەویش ڕێبازی دیاردەگەراییە،

که هویسرڵ دایهێناوه له لێکۆڵینهوهیهدا سهبارهت به بوونی خودی مرۆڤ، ئهوجا سارتهر له کتێبی (بوونو نهبوون)هکهیو له زۆربهی نووسینهکانیتریدا بهکاری هێناوه. سارتهر له فهلسهفهکهیدا، که به فهلسهفهی بوونگهرایی بهناوبانگه، گهیشتۆته ئهنجامی دۆزینهوهی ڕێبازێکی نوێ، به تایبهتی له کتێبهکهیدا، که به ناونیشانی (رهخنهگرتن له ئاوهزی دیالێکتیکی)ه، که له ساڵی ١٩٦٠دا به چاپی گهیاندووه، ڕێبازه نوێیهکه ئهوهیه، که دهڵێت دیالێکتیک هیچ پهیوهندییهکی نه به بیرو نه به ماددهوه نییه، بهڵکو دیالێکتیک پهیوهندیی به خۆدی مرۆڤهوه ههیه، بهو واتایهی، که دژبهیهکبوون له نێوهندیی بارو دۆخه ماددیو ئابووریو شارستانیو خودیهکاندا له ئهنجامی نهخواستنی نێوهندهکهوه دێت. ئهم نهخواستنهش لێرهدا به واتای لهنێوبردن نایهت، بهڵکو به واتای گۆڕان دێت. واته نهخواستن واتایهکی پۆزیتیڤانهی ههیه، که مرۆڤ پێویستی پێیهتی، نهک واتایهکی نێگهتیڤانهی ههبێت، که مرۆڤ پێویستی پێی نهبێتو له نێوی بهرێت. مرۆڤ، که پێویستیی ههبوو، کهواته ناچار دهبێت پرۆژهی ههبێت، واته ههوڵ بدات ڕووی تێبکات. ئهم پرۆژهیهش، واته ئهم ڕووتێکردنهش، کردارێکه، یاخود چالاکییهکه، که بههاکهی به گۆڕان

دێته دەست. گۆڕانیش هەڵبەت دەبێت لە بەرهەمهێناندا بکرێت، چونکە بەرهەمهێنان تاقە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لێیەوە بگات بەوەی، کە لە ڕێگایەوە پێویستییەکانی خۆی پێ تێر بکات. بەرهەمهێنانیش هەر دەبێت ڕێژەی کەمتر بێت لە پێویستی، ئەگینا نابێت بە پرۆژە. کاتێک، کە نەبوو بە پرۆژە، ئیتر بوونی مرۆڤ هیچ واتایەک نابەخشێت. دیارە لەمەوە بیرۆکەی (کەمی) هەڵقوڵاوە، لە بیرۆکەی کەمیشەوە، بیرۆکەی ململانێ هەڵقوڵاوە. هەڵبەت کاتێک بەرهەم کەم دەبێت، ئەو کەمییە دەبێت بە هۆی دروستبوونی ململانێو دژایەتیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا. کەواتە ململانێو دژایەتی دەرەنجامی نێوەند (ژینگە)و پرۆژەیە. چ ژینگەی ماددی بێتو چ ژینگەی کەسایەتی بێت. ژینگەی ماددیو ژینگەی کەسایەتیش هێندە تێکەڵاون بە یەکترەوە، بە ڕادەیەک، کە مەحاڵە لە یەکتر جیا بکرێنەوەو هەر لایەنەیان بۆ خۆی ڕەها بێتو سەربەخۆ بێت لەویتر. بەڵام پرسیار لێرەدایە، کە ژینگەی ماددیو ژینگەی کەسایەتی، بۆچی یەک نینو تەنها هەر تێکەڵاون؟ سارتەر وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوەو گوتوویەتی، کە کەسایەتی، واتە خود، یەک شت نییە لەگەڵ ماددەدا، واتە لە بابەتدا، بەڵکو

نێوەندە لە نێوان خودو بابەتدا. هەروەها بابەتیش دوو ساتە لە نێوان ساتەکانی بابەتدا. لەبەر ئەو هۆیە، کاری خود ئەوەیە، کە ئەو بابەتە بگۆڕێت، کە هەیە لە پێناوی ئەوەی بابەتێکی، یاخود ژینگەیەکی‌تر دابهێنێت. کەواتە پڕۆسەی گۆڕان خۆی لە خۆیدا پڕۆسەیەکی داهێنانە. کەواتە دەتوانین بڵێین، کە مێژوو خۆی لە خۆیدا داهێنانی مرۆڤایەتییانەیە. لەمەوە دەردەکەوێت، کە سارتەر لە ڕێبازە فەلسەفییەکەیدا توانیویەتی دیالێکتیکێک دەر بخات، کە وەک یاسایەک بێت بۆ جووڵانەوەی مرۆڤ، نەک بۆ جووڵاندنەوەی مادده وەکو ماتریالیستەکان بۆی چوون، یان وەکو ئایدیالیستەکان بۆی چوون. بەڵام، ئەوەی شایانی باسە، سارتەر لە ڕێبازی دیالێکتیکەکەیدا توانیویەتی تەنها هەنگاوی یەکەم بە دەست بهێنێت لە تێپەڕاندنی فەلسەفەی ماتریالیزمو ئایدیالیزمو دیالێکتیک بداتە پاڵ بوونی خودی مرۆڤ، نەک بوونی بیر، یاخود مادده، چونکە تێپەڕاندنی هەر یەک لە ئایدیالیزمو ماتریالیزم دەبێت بە دۆزینەوەی ئاوێتەیەک بێت، کە دژی هەردووکی تێدا هەبێت، کە بیری ناسنووردارو ڕەهایە لە ئایدیالیزمداو ماددەی سنووردارو ناڕەهایە لە ماتریالیزمدا. بەڵام سارتەر لە دیالێکتیکی مرۆڤدا بیرۆکەی ڕەهایی دوورخستۆتەوە،

بەڵکو تەنها ئاوڕی لە بیری خودی مرۆڤ داوەتەوە، نەک بەو جۆرەی، کە هێگل مەبەستی بووە، کە باسی لە دیالێکتیکی بیر کردووە. هەروەها سارتەر لە ژێر کاریگەریی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی تاککەسیدا **individual**، کە خۆی تیایدا ژیاوە، بیرو هۆشی خۆی خستۆتە سەر پەیوەندیی ململانێ، یاخود دژایەتی، بە تایبەتی کاتێک، کە لێکدانەوەو باسی لە پەیوەندیی مرۆڤ بە کەسانیترەوە کردووە. بەڵام، بە ڕای من، ئەوەی سارتەر لە دیالێکتیکەکەیدا باسی نەکردووە، بوونی مرۆڤی تاکە لە نێو مێژوودا، چونکە ئەگەر دیالێکتیک یاسایەکی تایبەت بێت بۆ جووڵانەوەی خۆدی مرۆڤ، نەک جووڵانەوەی بیر، یاخود مادده، وەکو لە سەرەوە باسمکرد، دەبێت، ئەم جووڵانەوەی مرۆڤە لە نێو مێژوودا بێت. دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە دیالێکتیکی مرۆڤ لە نێو مێژوویەکدا، کە خۆی بۆ خۆی هەڵینابژێرێت، بەڵکو بە بێ خواستی خۆی بۆ نێوی فڕێدرابێت، دژایەتییەکی هەبێت، یاخود دژایەتیی خۆی تیادا ببینێت لەگەڵ ڕابردووی مێژووو داهاتووی مێژوودا. مرۆڤیش بە تەنها هەر خۆی ناچارە چارەسەری ئەم دژایەتییە بکات، کە بە کارو چالاکیی خۆی ڕابردوویەکو داهاتووەیەک بە خواستی خۆی بخاتە سەر مێژوو، نەک بە بێ

خواستی خۆی، کە وەک تێیهاوێژراوە. ئەم خواستەش بۆ ئەوەیە، کە ئەو ڕابردووو داهاتووە تێپەڕێنێت، کە خۆی خواستی تێدا نەبووەو لە بەرامبەر ئەوەدا خۆی ببێتە داهێنەری مێژووەکەی خۆی. کەواتە جیاوازی هەیە لە نێوان دیالێکتیکی مرۆڤێک، کە بە خودی خۆی بێتو بۆ خۆی سەربەخۆ بێتو لە نێوان دیالێکتیکی مرۆڤەکانی‌تر. ئەم ڕەهەندی سەربەخۆبوونە بە ڕای من ڕێبازی دیالێکتیکی لە هەموو جۆرە مێتافیزیکێک دوور دەخاتەوە. بەو واتایەی، کە مرۆڤ نەبێتە، نە بەشێک لە ماددەو نە بەشێک لە ئایدیا، واتە نە گەوهەرەکەی ماددە بێتو نە گەوهەرەکەی بیر، یاخود ڕوح بێت، بەڵکو گەوهەرەکەی دەبێت بوونی خودی خۆی بێت وەک بوون نەک وەک ماددە، یاخود ڕوح، چونکە ئەگەر مرۆڤ لە لێکدانەوەی دۆخی ماددی، یاخود ڕوحی دوور نەخرێتەوە، ئیتر ئەو کاتە بوونی دەبێتە ماددەی سنووردارو هیچی‌تر، یاخود دەبێتە ڕوحێکی مێتافیزیکی، کە هیچ واتایەک نابەخشێت، چونکە ئەو کاتە سونگەی **cause** بوونی مرۆڤ، خودی بوون نابێت، بەڵکو شتێکی‌تر دەبێت، کە هەرگیز خودی مرۆڤ بۆ خۆی نازانێت چییە. کاتێک، کە نەیزانی چییە، ئیتر پاساوی مێتافیزیکی‌و ئایینیی لا دروست

دەبێت، کە لە ڕوونییەوە دەمانبات بەرەو کێشەی ناڕوونی، یاخود پەنهان (الغیب). ئیتر ئەو کاتە لە دیالێکتیکی مرۆڤ جارێکیتر دووردەکەونەوەو دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ دواوە بۆ دیالێکتیکی هێگڵی، یاخود ئایدیالیزم.

فوئاد عەبدولڕەحمان
وێڵز ـ ساڵی ٢٠١٢

## جان پۆل سارتەر:
## مرۆڤێکی تەنها لە جیهانێکی جەنجاڵدا[٤]

لە کتێبی یادداشنامەکەیدا، کە بە ناونیشانی (وشەکان **Les Mots**)ە، سارتەر بیرەوەریی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێت، کە هەر لە منداڵیەوە لە نێو جیهانی وشەدا گەورە بووە. منداڵێکی تاقانەی دایکێکی بێوەژن بووە، لەماڵی باپیری ژیاوە، کە مامۆستای زمان بووەو خاوەنی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بووە لە ماڵەکەیدا. لەمەوە سارتەر تاقە شت، کە لە تەنیایی منداڵییدا دڵی خۆش کردبێت، خوێندنەوە بووە، کە تاقە سەرچاوەیەکیش بووە لێیەوە بزانێت، کە جیهان چیی تێدایە. سارتەر، هەر وەکو بۆ خۆی باسی لێوە کردووە، ئەو جیهانەی، کە لە کتێبەوە دەیبینین، ڕێکو پێکو پێکەوە لکاوو ڕێکخراوە، هەمیشە مەبەستێک هەیە بۆ بوونی. کەواتە سارتەر کاتێک، کە لە منداڵ بووە، بەم جۆرە (ئاوەزگەراییانە) جیهانی داکەوتی وێنا کردووە، کە فەیلەسووفانێکی وەک لایبنیز **Leibniz**و نیوتن

Newtonو دێکارت Descartes لە مێتافیزیکەکانیاندا وێنایان کراوە. بەڵام کاتێک، کە ڕووبەڕووی جیهانی (ئەزموونگەراییانە) بۆتەوە، تووشی ڕاتەکان هاتووە؛ بۆی دەرکەوتووە، کە جیهانی داکەوت تەواو بە پێچەوانەی بۆچوونی منداڵیەوەیەتی، بۆی دەرکەوتووە، کە جیهانێکە پڕە لە شڵەژاونو تەوژمو شەپۆلی ئاژاوەییو تێکشێوان destructionو بێ هودەیی. ئیدی هەستی کردووە، کە وێنەی جوانیی ئەو جیهانەی لە بەرچاو گوم بووە، کە لە تەمەنی منداڵیدا لە دوو توێی لاپەڕەی کتێبەکاندا ئەندێشەی کردووەو لە ناخیدا چەقاندوویەتی. هەروەها هەستی کردووە، کە ئەو جیهانە ئاوەزگەراییەی، کە ئەم لە منداڵییدا ئەندێشەی کردووە، تەنها هەر پێداویستییەکی دەروونی بووەو هیچیتر.

سارتەر لە بیرەوەریەکانیدا باسی لەوە کردووە، کە بەردەوام تینوی مێتافیزیک بووە هەتا ئەو کاتەی لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا بیرو باوەڕی گۆڕاوەو بووە بە کەسێکی مارکسی. سارتەر، ئەگەر چی لە بیرەوەرییەکانیدا ئەم باسانەی خستۆتە ڕوو، بەڵام خوێنەرانی بۆیان هەبووە ئەم پرسیارە بکەن، ئایا بە ڕاستی ئەم بۆتە مارکسییەکو ئیتر تینوویەتیی بۆ میتافیزیک نەماوە؟ یاخود ئەو فەلسەفە

ڕامیارییەی، کە ئەم لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمەوە ڕووی بۆ وەرچەرخاندووە، ئاخۆ بە ڕاستی فەلسەفەی مارکسیزم بووە، کە خۆی گوزارشتی بۆ کردووە؟

سارتەر بێگومان لە سەرەتای ساڵانی چلەکانەوە چەندین نووسینی دەربارەی سیاسەت هەبووە، چ وەک فەیلەسووفێکی سیاسی، یاخود وەک چالاکەوانێک لە بواری بڵاوکردنەوەی نامیلکەو وتار. لە سەرەتاوە بۆ خوێنەرانی دەرنەکەوتووە، کە هیچ جۆرە پەیوندییەک لە نێوان سیاسەتەکەیو فەلسەفەکەیدا هەبێت. هەڵبەت ئەو فەلسەفەیەی، کە ئەم بانگەشەی بۆ کردووە، بوونگەرایی بووە، کە ناگەڕێتەوە بۆ هیچ بنەمایەکی سیاسیی تایبەتو دەستنیشانکراو. لە کاتێکدا دەبینین، کە هەندێک لە بوونگەراکان، بۆ نموونە هایدیگەر **Heidegger**، فاشیست بوون. یان هەندێکیتریان وەک گابرییێل مارسێل **Gabriel Marcel**، پارێزگاریخواز بوون. هەندێکیتریشیان، وەک کامۆ **Camus** سۆشیالستی ئازادیخواز بوون. بەڵام سارتەر بۆ خۆی ئەوپەڕی چەپڕەو بووە. لە پاش ئازادکردنی فەرەنسا لە ژێردەستی نازیەکان، سارتەر هەوڵیداوە بزاوتێکی نوێ دابمەزرێنێت، کە چەپەکانی لە هاوشێوەی خۆی تیادا کۆبکاتەوە. بەڵام لەو هەوڵەیدا

سەرکەوتوو نەبووە. ئیدی، بەو جۆرە، ماوەی بیست ساڵ وەک هاوڕێیەکو وەک ئەندامێک لە نێو پارتی کۆمۆنیستی فەرەنساییدا ماوەتەوە، ئەگەر چی سیاسەتی پارتەکەی بە دڵ بووە، بەڵام فەلسەفەکەی بە دڵ نەبووە. هۆی بەدڵنەبوونیشی ئەوەبووە، کە حەزی کردووە توندڕەوانەترو خەباتگێڕانەترو شۆڕشگێڕانەتر بێت.

هەڵبەت ئەم دۆخە بەم شێوەیە نەماوەتەوە. بەڵکو لە دواجاردا سارتەر دەستبەرداری ئەم پارتە بووەو بە تەواوی وازی لێ هێناوە، چونکە لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوتووە، کە پارتێکی کرنووشبەرو ئاڵووێرکەر بووەو دوور بووە لە گیانی خەباتگێڕیو شۆڕشگێڕایەتی. ئەوەی شایانی باسە، سارتەر بەردەوام ڕەخنەی زۆری لە کۆمۆنیستەکان هەبووە، بە تایبەتی لە یەکێتیی سۆڤیەتی سەردەمی ستالین. بەڵام سەیر لەوەدایە، کاتێک کەسانێکی وەک کامۆ ڕەخنەیان لە کۆمۆنیزمو یەکێتیی سۆڤیەتو ستالین گرتووە، ئەم بە پاساو هێنانەوە بەرهەڵستیی لە کۆمۆنیزمو لە یەکێتیی سۆڤیەتو لە ستالین کردووە. واتە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە بۆتەوە، کە ناحەزو نەیاری کۆمۆنیزم بوون. پاش مردنی ستالین، کاتێک، کە ئیتر پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی بە تەواویو بە

ڕەسمی، سیاسەتی بەرژەوەندیی ڕۆژگارانەی گرتۆتە بەرو شۆڕشگێڕایەتیی لەدەست داوە، سارتەر ئیتر تەواو بووە بە نەیاری کۆمۆنیستەکان. لە ڕووداوەکانی evenements مانگی مایسی ساڵی ١٩٦٨دا°، کە پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی پشتی لە خۆپیشاندانی کرێکاران کردووە بۆ داخوازییەکانیان لە بۆرژواکان petit bourgeois بۆ زیادکردنی مووچەی کارکردنیان، سارتەر بووە بە نەیاری پارتەکەو چۆتە ڕیزی خۆپیشاندەرانەوە، پارتەکەی تاوانبار کردووە بەوەی، کە هەلپەرستو ناشۆڕشگێڕنو لەرزۆکن، چونکە هەلێکی مێژوویی مەزنیان لە دەست داوە بەوەی، کە شۆڕش لە فەڕەنسادا هەڵگیرسێنن. ئیتر بە لای سارتەرەوە ئەم پارتە هەموو ڕەواییەکی لەدەست داوەو شایانی ئەوە نەماوە، کە تۆزقاڵێک ڕێزی لێ بگیرێت.ئیتر لە دوای ئەو ساڵە سارتەر زیاتر لە گرووپی (ماویەکان) نزیک بۆتەوەو ئەو هەستەی لا دروست بووە، کە دەبێت جێگای ڕاستی لە بەرەیەکدا بێت، کە دژی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی بێت. هەر بۆیە، لە دوای ئەوە، بۆتە نووسەرێک لە ڕۆژنامەیەکی چەپی توندڕەو (ڕادیکاڵ). ماوەیەکی زۆری پێ نەچووە نووسەرە گەنجەکانی ئەو ڕۆژنامەیە دەستگیر کراون لە لایەن دەسەڵاتەوەو بەوە تاوانبار کراون، کە

بوونەتە هۆی ئاژاوەنانەوەو تێکدانی باری ئاساییشی کۆمەڵگاو ئیتر دادگایی کراونو خراونەتە زیندانەوە.

لەم دۆخە سیاسییەدا، سارتەر تیۆری فەلسەفەیەکی سیاسیی تایبەت بە خۆی دارِشتووە، کە تیایدا مارکسیزمو بوونگەرایی تێکەڵ بە یەکتر کردووە. ئەم تیۆرەی لەو کتێبەیدا، کە بە ناونیشانی (رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالیکتیکی **Critique de la raison dialectique**)ە، بە تەواویو بە دوورو درێژی بەدەر خستووە، کە لە ساڵی ١٩٦٠دا لە پاریس چاپکراوە.[٦]

هەروەها لە دوو کتێبیتریدا، کە بە ناونیشانی (سانت جێنێ **Saint Genet**) (١٩٥٢)و (فلۆبییێر **Flaubert**) (١٩٧١)نو لە روالەتدا باس لە ئەدەب دەکەن، سیمای ئەم رێبازەی دەردەکەوێت، واتە رەنگە بشێ وەک پەراوێزی بە نرخ بخوێنرێنەوە سەبارەت بە گفتوگۆی رەخنەیی، چونکە ئەم دوو کتێبە لە ناوەرۆکدا هەندێک تێبینی نیشان دەدەن، کە پەیوەستن بە رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالیکتیکیو درێژەپێدەری ئەم بابەتەن. لە راستیدا لە دووتوێی کتێبی بە ناونیشانی (رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالیکتیکی)دا مەبەستێکی روون هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئاماژەیە بۆ کتێبەکەی کانت **Kant**، کە بە ناونیشانی (رەخنەگرتن لە ئاوەزی تیۆری **Critique of**

ئاماژەپێدانە بەم سارتەر .ە(Pure Reason مەبەستاوییە، دەیەوێ بڵێت، کە ئەوەی ئەم دەیکات، لەو جۆرەیە، کە کانت کردوویەتی. واتە کانت لە کتێبی (رەخنەگرتن لە ئاوەزە تیۆری)دا ڕێبازی ئەزموونگەرایی‌و ڕێبازی ئاوەزگەرایی پێکەوە تێکەڵکردووە. بەڵام سارتەر، لە (رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالیکتیکی)یەکەیدا مارکسیزم‌و بوونگەرایی پێکەوە تێکەڵ کردووە. مەبەستی لەمەدا ئەوە بووە، کە تازەگەری لە مارکسیزمدا بکات‌و بە هۆی بوونیادگەرییەوە خوێنێکی نوێی بە بەردا بکات. ئەم ڕاستییە سارتەر بۆ خۆی دانی پیادا ناوە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا وەک دەستپێکێک دایڕشتووە تیایدا باسی لە ڕێبازەکەی کردووە، کە پەیڕەوی کردووە. کاتێکیش، کە چۆتە نێوەڕۆکی باسەکەوە، لە کتێبەکەیدا، بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن هەوڵی داوە تازەگەری لە مارکسیزمدا بکات، هەروەها چۆن مارکسیزمی تێکەڵ بە بوونگەرایی کردووە، بە جۆرێک، کە ماکسیزمی لە کۆتاییدا کردووە بە ئەنترۆپۆلۆجیایەکی نوێ (بە واتا کانتیەکەی). بە واتایەکی‌تر، ئەوەی دەرخستووە، کە چۆن لە مارکسیزمەوە فەلسەفەیەکی نوێی هەڵێنجاندووە، کە سوودبەخش بێت بۆ کۆمەڵگاو مرۆڤ.

لێرەدا دەردەکەوێت، کە سارتەر، ئەو ڕێبازەی پیادەی کردووە وەکو خۆی دەڵێت — ڕێبازێکی بە تەواوی ئاکادیمیانە نییە، چونکە پێشتر لە ساڵی ١٩٥٧دا، کە دەستی کردووە بە نەیارێتی لە دژی ستالیندا، نووسینەکەی دەربارەی (پرسیار سەبارەت بە مێتود) لە ڕۆژنامەیەکی پۆڵۆنیدا بڵاو کردۆتەوە. بەڵام لە دواجاردا کردوویەتی بە بەشی دەستپێکی کتێبی (ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی)یەکەی تاکو ببێتە باو لە نێو خوێنەراندا. سارتەر لەو کاتەدا ئامانجی لە بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینەی ئەوە بووە، کە فەلسەفە نوێیەکەی بخاتە بەر دیدی خوێنەران بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی تیۆری بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی ئەو ڕۆشنبیرە چەپڕەوانەی، کە نەیاری ستالینیزم بوون. بە واتایەکیتر، ئامانجی ئەوە بووە، کە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، کە بە هۆی ستالینەوە لە مۆسکۆدا دروست بووە. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە تیۆرێک بدۆزێتەوە، کە ڕۆشنبیرە چەپڕەوەکان کۆک بن لەسەری لە خەباتیاندا لە دژی ئایدیۆلۆجیەتی بۆرجوازی. بێگومان ئەم ئامانجەی لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکەی (پرسیار سەبارەت بە مێتود)، دوور بووە لە شێوازی ئاکادیمییانە، بە پێچەوانەی بەشەکانیتری، کە لە کتێبی (ڕەخنەگرتن

له ئاوەزی دیالێکتیکی)یەکەیدا هەن، کە ئاکادیمییانە دارێژراون. بەڵام ئەم کارەی لەم سەرەتای کتێبەیدا لە بەهای ڕوانینی بۆ گرنگیی شۆڕشگێڕێتی کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەر وەکو زۆر لە بیردۆزە سیاسییەکان پێداگرییان لە سەر ئەوە کردووە، کە بەرهەمی فەلسەفیی پوخت لە لایەن هەر فەیلەسووفێکەوە، کە بنووسرێت دەبێت لە دواجاردا هەر یەک بگرێتەوە لەگەڵ هەر مانیفێستەو بڵاوکردنەوەیەکی‌تری، کە دەری دەکات.

ئەوجا ئەگەر بێینە نێو کرۆکی باسە ڕەخنەییەکەوە، دەبینین، کە سارتەر لە کتێبی (ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی)دا بەوە دەستی پێکردووە، کە ستایشی زۆری مارکسیزمی کردووە، کە لە کاتێکدا زۆر بە کەمی ئاماژەی بۆ بوونگەرایی کردووە. هێندە بە شانو باڵی مارکسیزمدا هەڵیداوە، کە گوتوویەتی، کە یەکێکە لە فەلسەفە سەرەکییەکانی سەردەمی نوێ. بەڵام بوونگەرایی بە فەلسەفەیەکی لاوەکی داناوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو تەنانەت بوونگەرایی هەرگیز بە فەلسەفەیەکی ڕەسەن نەزانیوە، بەڵکو تەنها بەوەی زانیوە، کە ئایدیۆلۆجیایەک بێتو هیچی‌تر. لەگەڵ ئەو تێبینییەی، کە وشەو دەستەواژەکانی، کە دایهێناونو دایڕشتوون، تایبەت بە

خۆی بوونو بە دوورن لە وشەو دەستەواژەی مارکسیزمەوە. کاتێک پێناسەی فەلسەفەی کردووە، بەو جۆرە کردوویەتی، کە مۆدێلی گەورە بن لە سیستمی بیرکردنەوەدا، کە دەبێتە باو لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا. ئەم مۆدێلانەش ئەو کاتانە بەسەر دەچن، کە مێژوو جوولانی تێدا بێتو لە قۆناغێکی دیاریکراوەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکیتر. بە پێی ئەمە، سەدەی حەڤدەهەم سەردمەی فەلسەفەی دێکارتو لۆکو بووە، کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمیش، سەردەمی سەردەمی فەلسەفەی کانتو هێگڵ بووە، بەڵام ئەم سەردەمەی ئێمە، بێ گومان سەردەمی مارکسیزمە. واتە لە سەردەمی فەلسەفەی لۆکو دێکارتدا فەلسەفەیەکیتر دانەهاتووە، کە تێپەڕیان بکات. هەروەها لە سەردەمی کانتو هێگڵ یشدا فەلسەفەیەکیتر دانەهاتووە فەلسەفەکەی ئەوان تێبپەڕێنێت. کەواتە لە سەردەمی ئێمەشدا فەلسەفەیەک نییە مارکسیزم تێبپەڕێنێت. واتە ئێمە هیچ چارێکمان نییە، دەبێ هەر بە زمانی مارکسیزم بیر بکەینەوە.

سارتەر هەر لەوەدا نەوەستاوەتەوە، کە ستایشی زۆری مارکسیزمی کردووە، بەڵکو بوونگەرایی زیاتر بە

ئایدیۆلۆجیا پێناسە کردووە. سارتەر کاتێک پێناسەی ئایدیۆلۆجیایکردووە، ناوی لێ ناوە کۆمەڵێک مۆدێلی، یاخود سیستمی بچووک لە بیرکردنەوە، کە لە سەر پەراوێزی فەلسەفەیتردا بژینو هەوڵ بدەن سوود لەو بوارە مەعریفییە ڕەسەنانە وەربگرن، کە مۆدێلە فەلسەفییە گەورەکان دایاندەهێنن. ئەم سەردەمەی ئێمەش لەبەر ئەوەی سەردەمێکی مارکسیزمە، بۆیە بوونگەرایی مۆدێلێکی، یاخود سیستمێکی گەنەخۆرەو لە پەراوێزی مارکسیزمدا دەژی. "بوونگەرایی لە بنەمایدا بۆ ئەوە دروست بوو، کە دژایەتیی مارکسیزم بکات، بەڵام سەیر لەوەدایە، ئێستا هەوڵ دەدات ببێتە تەواوکەری."[٧]

هەڵبەت ئەم ڕەهەندە زۆر گرنگە، تێکەڵکردنی بوونگەراییو مارکسیزم پێکەوە، بە بۆچوونی ئێمە، زیاد پەل هاویشتنو زیادەڕۆیکردنە لە ئازادی، چونکە هیچ وەک ئەم دوو مۆدێلە نییە، کە هێندە لە یەکترەوە دوور بنو لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەبێت. بە بڕوای ئێمە، بە لای کەمەوە دوو بەربەست هەیە، کە نەهێڵێت ئەم دوو مۆدێلە تێکەڵی یەکتر نەبن، ئەم دوو بەربەستەش بە جۆرێکن، کە چارەسەر ناکرێن، بە ڕای ئێمە یەکەمیان ئەوەیە، کە بوونگەرایی باوەڕی بە ئازادیی تاک هەیەو دژی هەموو جۆرە ڕەهەندێکی

سنووردانانو چارەنووسو قەزاو قەدەر هەیە. سارتەر بۆ خۆی ئەمەی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دووپاتکردۆتەوە، بەو ڕادەیەی، کە هیچ بەرهەمێکی نییە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم دووپاتکردنەوەی تێدا نەبێت، کە چارەنووسی مرۆڤ ئازادیەکەیەتی. لە بەرامبەر ئەمەش، دەبینین مارکس لایەنگری ئەو نەریتە فەلسەفییە بووە، کە دەڵێت ئازادی بوونی نییەو تەنها ئەوە نەبێت، کە وەکو هێگڵ دەڵێت تەنها هۆشیاربوونە بەرامبەر بە شتێک، کە پێی دەگوترێت مەرج، چونکە مێژوو بە تێکڕا، بە بۆچوونی مارکس، بەهۆی پەیوەندیەکانی بەرەمهێنانەوە دەبزوێت. واتە مێژوو بە تێکڕا ملکەچی کۆمەڵێک یاسای تایبەتەو مرۆڤەکان تەنها تاکو ئەو سنوورو ئاستە دەتوانن لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا ئازاد بن، کە ئەو یاسا تایبەتانە قبوڵ بکەنو بە هۆی ئەو یاسایانەشەوە هەڵسوکەوتو ڕەفتارو چالاکییان بە شێوەیەکی هۆشیارانە ئاڕاستە بکەن، بە مەرجێک بگونجێت، کە لەگەڵ بارو دۆخەکاندا. لەم ڕوانگەیەوە، مارکس ئەگەر چی باوەڕی بە ئازادیی تاک هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕیشی بە سنووردارکردنی ئازادیی تاک هەبووە، واتە باوەڕی بە کۆتکردنی ئازادی هەبووە. بەڵام سارتەر باوەڕی وەها بووە، کە سنووردانان بۆ

ئازادی ڕەهەندێکی پووچانەیە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو مرۆڤی پێ هەڵدەخەڵەتێنرێتو گوناهی بەرامبەر دەکرێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بە لای سارتەرەوە پاساوو بیانووی کەسانێکە، کە لە دواجاردا بیانەوێت خۆیان لە بەرپرسیارێتیی بەهای ڕەوشتی بدزنەوە.
بەربەستی دووەم لە ڕووی سروشتی تاکیی مرۆڤەوەیە، واتە لە ڕووی تاکگەراییەوەیە **individualism**، کە بە بۆچوونی فەیلەسووفە بوونگەراکانی، کە پێداگری لەسەر چارەنووسی تەنیاییو گۆشەگیریی مرۆڤ دەکەن، کە دەبێت بە تەنها هەر خۆی ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی ببێتەوە، هەڵبەت سارتەر بۆ خۆی یەکێک بووە لەو فەیلەسووفە بوونگەرایانەی، کە بە توندی پێداگریی لەسەر ئەم لایەنە کردووە. هەر لە ڕۆمانی یەکەمییەوە، کە بە ناونیشانی (هێڵنج **La Nausee**)ە، تاکو دەگاتە شانۆگەرییەکی، کە بە ناونیشانی (زیندانییەکانی ئەڵتۆنا **Les Sequestres d'Altona**)یە. بەڵام دەبینین مارکسیزم تەنها وەک ئەندێشەیەکی تیۆری دەڕوانێتە بوونی مرۆڤی تاک، چونکە بە لایەوە بوونی کۆمەڵایەتی بوونە ڕاستەقینەکەیە، نەک بوونی تاک.
لێرەدا دەبینرێت، کە سارتەر نکۆڵیی لەم بەربەستانە نەکردووە، بەڵام باوەڕی وەها بووە، کە چارەسەریان

هەبێت. بە لای سارتەرەوە کێشەی ڕاستەقینەی مارکسیزم ئەوە بووە، کە لە وێنە نەریتیەکەیدا (کلاسیکیەکەیدا) ماوەتەوەو وەک بەرد چەقی بەستووەو ئاسۆی ڕوانینی بە تەسکی ماوەتەوە. جگە لەوە ڕوخسارە مرۆڤایەتییانەکەی لە دەست داوە. لێرەدا، لەم لایەنەوە بە تایبەتی، ڕەنگە بوونگەرایی ژیانێکی نوێ بە مارکسیزم ببەخشێت، ئەویش بە ڕێگای پۆشینی بە بەرگێکی مرۆڤایەتییانە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو سارتەر لەمە دوورتریش ڕووانیویەتی، کە پێشبینیی ئەوەی کردووە، کە "مارکسیزم، ئەگەر لە ئایندەیدا ڕەچاوی ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکە بکات، کە بیکاتە بناغەیەک بۆ ڕەهەندی هۆشیاریی سۆسیۆلۆجی، کە ئەمەش پرۆژەی بوونگەرایی بووە، ئەو کاتە بوونگەرایی هیچ پاساوێک نامێنێت بۆ مانەوەی لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا، چونکە وەک ئایدیۆلۆجیایەک خۆی دەتوێتەوە لە نێو فەلسەفەیەکی گەورەترو بەربڵاوتردا. بەو جۆرە بوونگەرایی کاری نامێنێت ببێت بەوەی فەلسەفەیەک بێت بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت، چونکە ئەو کاتە دەبێت بە بەشێک لە قەوارەیەکی نوێی گەورەتر، کە بناغە بێت هەموو بوارەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە."[٨]

تێبینی دەکرێت، کە سارتەر هەمیشە پێداگریی لەوە کردووە، کە جەنگە ڕاستەقینەکەی لەگەڵ مارکسیەکاندا بووە، نەک لەگەڵ مارکس. مارکسیەکانی بەوە تاوانبار کردووە، کە بۆ خۆیان لە ڕووی بیرەوە تەمەڵ بوونو ڕەسەنایەتیو داهێنانیان لێ ئاوا بووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەندێک جار تا سەر ئێسقان مێتافیزیکی **metaphysical** بوونو هەندێک جاریتریش بە شێوەیەکی توندڕەوانە (رادیکالانە) بوون بە ناگومانکەر (پۆزیتیڤیست **positivistic**)، چونکە وشکە بڕواییان لا دروست بووەو بیر لە مێشکیاندا بۆتە بەردو ملکەچی هێزو دەسەڵاتی وتەو دەستەواژەی لەقاڵبدراو بوون. هەندێ جاریش تەنانەت هەر بیریش لە مێشکیاندا نەماوە. بەڵام مارکس بۆ خۆی بە پێچەوانەی ئەم مارکسییانە بووە، کە داهێنەر بووە لە بیردا. سارتەر تەنانەت، بە پێی لێکدانەوەی نووسینێکی مارکس بە ناونیشانی (هەژدەی بڕۆمێر **Eighteenth Brumaire**)[٩] دەڵێت: "مارکس لە بیرکردنەوەیدا هەندێک جار بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات بوونگەرا بووە."

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئەوە بگوترێت، کە سارتەر ڕاست بووە لە ڕەخنەکانیدا لە دژی مارکسییەکان، کە ڕادیکالانە خۆیان بە مارکسیزمەوە بەستۆتەوە. بۆ

نموونە لاوازیی بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانەی نیشانداوە، کە دەربارەی ڤالێری Valery[١٠] نووسیویانە بەوەی، کە ڕۆشنبیرێکی وردە بۆرژوا بووە. ڕاستە ڤالێری ڕۆشنبیرێکی وردە بۆرژوا بووە، بەڵام ئەمە لایەنێکی گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە، ئەوەیە، کە هەر ڕۆشنبیرێکی وردە بۆرژوا نابێت بە ڤالێری. سارتەر هەروەها بێ توانایی ئەو مارکسییانەی نیشانداوە، کە کۆمەڵێک نووسەری جیاجیایان لە یەک سەبەتەدا کۆکردۆتەوە، بۆ نموونە، وەک پرۆست Proustو جۆیس Joyceو بریگسۆن Bergsonو ژیدە Gideو هەموو ئەمانەیان بە نووسەرانی خودگەرا لە قەڵەم داوە. بەڵام خودگەرایی، بە بۆچوونی سارتەر هیچ واتایەکی نەبەخشیوەو هیچ بناغەیەکی داکەوتییانەو ئەزموونگەرییانەی نییەو لەو ڕاستییەوە دوورە، کە مرۆڤ لە نێو داکەوتی جیهانەکەیدا نەژی.

مارکسییە تەمەڵەکان، وەکو سارتەر دەڵێ، تەمەڵییان تەنها لەوەدا نییە، کە قسەی کلێشەداری ئامادەکراو بەکار بهێنن، بەڵکو لەوەدایە، کە عەقڵێ خۆیان بۆ بیرکردنەوە بەکار ناهێنن، لەوەشدایە، کە ئەو وەک بابەتێکی ئاوەزگەرایی، یاخود خۆرسکی (a priori) دەڕوانە ئەو ڕاستییانەی، کە ئەزموونگەراین، یاخود ناخۆرسکین (a posteriori)[١١]. بەم جۆرە، دەیانبینین،

که سیاسیەکانی پارتی کۆمۆنیست بە جۆرێک دەڕواننە ڕوودانی هەر شتێک لە بووندا، کە بە پێویستی بێت، واتە بە خۆرسکو بە ڕێکەوت ڕوو نەدات، بەڵکو بە پێویست ڕوو بدات. بە واتایەکیتر، باوەڕی ڕۆشنبیرە مارکسیەکان ئەوەیە، کە هەر ڕووداوێک لە داکەوتدا ڕوویدا بێت، دەبوایە هەر ڕوویدابایە، یان هەر ڕووداوێک دەبێت هەر ڕوو بدات. بەڵام ئەم ڕێبازی بیرکردنەوەیە، کە لە لای مارکسیەکاندا هەیە، بە بۆچوونی سارتەر هەڵەیە، بەڵکو نەزۆکیشە، واتە ئێمە ناتوانین هیچ زانینێکی لێوە وەربگرینو هەرگیز هیچی لێوە فێر بین، چونکە مانای ئەوەیە، کە ئێمە پێشتر هەموو شتەکان دەزانینو پێشتر هەر ڕووداوێک دەزانین، کە ڕوو دەدەن. بە واتایەکیتر، ئەگەر هەر ڕووداوێک ڕوو بدات، ئێمە پێشتر زانیومانە، کە ڕوو دەداتو کەی ڕوو دەداتو چۆن ڕوو دەدات. واتە هەر ڕووداوێک ئەگەر ڕوو بدات، پێشتر دەستپێکەکەی دەزانینو لە هەمان کاتدا دەرەنجامەکەشی دەزانین، کە چی دەبێتو چۆن دەبێت. هەڵبەت ئەم جۆرە ڕێبازی بیرکردنەوەیە، تەنها قسەجوونەوەیەو هیچیتر (**tautology**).

ئەوجا لێرەوە دەردەکەوێت، کە بە ڕای سارتەر نوێکردنەوە لە ڕێبازی مارکسیدا پێویست بووە. لێرەشدا تێبینی دەکەین، کە سارتەر بۆچی ناوی ئەو ڕێبازەی، کە بوونگەرایی پێشکەشی مارکسیزمی دەکات، ناو لێ ناوە ڕێبازی هاندەری دۆزینەوە heuristic، بەو واتایەی، کە ڕێبازێکە هەوڵ دەدات ڕاستی بدۆزێتەوە، هەروەها لە هەمان کاتدا ڕێبازێکی دیالێکتیکییە، واتە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ داکەوتدا دەکات بە هەموو شەپۆلە تێئالۆسکاوەکانیشییەوە، نەک وەکو ئەوەی، کە مارکسیەکان دەیکەن، کە گوتارە لە قاڵبدراوەکانی خۆیان نیشان دەدەنو ئەوجا بە خۆشیان دەڵێن، کە گوتارەکانیان لێکۆڵینەوەیین (دیالێکتیکین). لێرەوە دەردەکەوێت، کە سارتەر لە ڕێگای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵەوە ئەو بارو دۆخە مێژووییەی خوێندۆتەوە، کە فلۆبێر، یاخود ڕۆبسپێر Robespierreی تیادا ژیاوە. ئەم ڕێگایەش، یاخود ئەم ڕێبازەش، سارتەر ناوی لێ ناوە ڕێبازی پێشکەوتنخوازانە ڕووەو بڵندایی بە گەڕانەوە بۆ دواوە Progressive - regressive method. ئەم ڕێبازە لەبەر ئەوە پێشکەوتنخوازانەیە بەرەو بڵندایی، چونکە لە لێکدانەوەکانیدا پەنا دەباتە بەر ئامانجەکانی خەڵکی، کە ڕوو لە ئاییندەیان دەکەن. لەبەر ئەوەش

گەڕانەوەیە بۆ دواوە، چونکە دەڕوانێتە ئەو بارو دۆخەی، کە ئەم خەڵکەی تیادا ژیاون لەو کاتەدا، کە هەوڵیان داوە ئامانجەکانیان بهێننە دی.

دیارترین نموونەش، کە سارتەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕێبازەی دەهێنێتەوە، ئەوەیە، کە لە ژیانی فلۆبییێری کۆڵیوەتەوە. هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە فلۆبییێر پۆلێن بکاتو بیخاتە خانەی بۆرژواکانەوە، بەڵام نەک بەو جۆرەی، کە مارکسییە تەمەڵەکان بۆی چوون. ئەم ڕێبازی پۆلێنکردنەی سارتەر تەنها وەک سەرەتایک بووە، ئەوجا هەوڵی داوە بزانێت، کە فلۆبییێر لەو بارو دۆخە چینایەتییەی، کە تیایدا ژیاوە، چیی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بارو دۆخە تێپەڕێنێت. بە بۆچوونی سارتەر، "فلۆبییێر لە ژیانیدا تووشی چەندین جۆر لە چارەو گریمان بووە کاتێک، کە ویستوویەتی کەسایەتیی خۆی بسەلمێنێتو هۆکاری تەنیابوونی خۆی نیشان بدات. بەو جۆرە هەوڵی داوە، کە ببێتە داهێنەری ڕۆمانی مەدام بۆڤاری **Madame Bovary**و لەم ڕێگایەوە نالایەنگیریی خۆی نیشان بدات بۆ چینی وردە بۆرژوا."[١٢]

کەواتە دەتوانین ئەم هێڵی ژیانەی فلۆبێر ببینین، کە بۆ خۆی کێشاوێتی، کە وەک ساتێک بووە لە ساتەکانی پرۆژەکەی **project**. پرۆژەش لێرەدا

زاراوەیەکی بوونگەراییانەیە، کە زۆر جار سارتەر لە دوو توێی نووسینەکانیدا بەکاری هێناوە. ئەم زاراوەیەش ڕەنگە بووبێتە بناغەیەک بۆ گرنگترین بەرهەمی نووسینی، کە کتێبەکەیەتی، کە بە ناونیشانی (بوونو نەبوون L'Etre et Neant)ە، کە لە ساڵی ١٩٤٣دا چاپی کردووە، کە تیایدا بەو جۆرە پێناسەی پڕۆژەی کردووە، کە مۆدێلێک بێت لەو ژیانەی، کە مرۆڤ بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێتو لە ڕێگای ئەو پڕۆژەیەوە، واتە لە ڕێگای ئەو مۆدێلی ژیانەیەوە، خۆی لەگەڵ داکەوتدا دەگونجێنێت. کەواتە پڕۆژە بە لای سارتەرەوە جۆرێکی تایبەتە لە ژیان، کە مرۆڤی پێ ئاوێتە دەبێت. بەڵام سەبارەت بە فلۆبێر، پڕۆژەکەی ئەوە بووە، کە ببێتە نووسەرێک، یان بە واتایەکیتر، ببێت بە نووسەری ڕۆمانی مەدام بۆڤاریو هەندێک چیرۆکو ڕۆمانیتر.
بە ڕای سارتەریش، "ئەم پڕۆژەیە واتایەکی تایبەت دەبەخشێت، واتە بە تەنها مۆدێلێکی سادەو ساکار نییە، کە نەگەتیڤانە بێت، یاخود بە تەنها مۆدێلێکی هەڵهاتن بێت لە تەنگژەو قەیرانی مرۆڤێکی وردە بۆرژوا، بەڵکو بەر لە هەر شتێکو بەر لە هەموو شتێک پۆزەتیڤانەیە، واتە جۆرێکە لە داهێنانێکی بابەتییانە لە هەموو ڕوویەکەوە، کە تیایدا بوونی خۆی

دەسەلمێنێت، کە وەک مرۆڤێک ڕووبەڕووی جیهانەکەی دەبێتەوە. کەواتە پڕۆژەکەی فلۆبێر بە تەنها بڕیاردان نییە بۆ نووسینو کە ببێت بە نووسەر، بەڵکو بڕیاردانە بەوەی، کە ببێت بە نووسەر بە چەشنێکی تایبەتو لێیەوە خۆی نیشانی جیهان بدات، کە ئەمەش لە ئەدەبدا واتایەکی تایبەت دەبەخشێت، کە جۆرێک بێت لە بەرپەرچدانەوەی ئەو بارو دۆخەی لێیەوە هەڵقوڵاوە. هەروەها جۆرێک بێت لە چارەسەری بابەتییانە سەبارەت بەو ناهەموارییانەی، کە بارو دۆخ هەیەتی."[١٣]

کەواتە، هەر مرۆڤێک لە ڕێگای پڕۆژەی خۆیەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت. واتە ئێمەی مرۆڤ لە ڕێگای کارەکانمانەوە دەبین بەمەی، کە هەین. سارتەر ئەم بیرۆکەیەی لە زۆر لە نووسینەکانیدا، کە لە سەرەتادا نووسیونی، دەبڕیوە. بۆ نموونە، دەبینین لە شانۆگەرییەکیدا بە ناونیشانی (دەرباز نەبوون Huis-clos)[١٤] (١٩٤٣) (گارسین Garcin) لە جیهانێکی داخراودا هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت، کە مرۆڤێکی ئازاو جەربەزەیە، ئەگەرچی هەڵسوکەوتو کردارەکانی ترسنۆکیی تێدایە. بەڵام، کاتێک (ئینێس Ines)[١٥] ڕووبەڕووی گارسین دەبێتەوە، پێی دەڵێت، کە مرۆڤ تەنها یەک سروشتی هەیە، کە ئەویش سروشتی

کردارەکانێتی، ئەو کەسەی، کە کرداری ترسنۆکانە بوو، هەڵبەت خۆی قێزەونو ترسنۆکە. ئێمە دەرەنجام هەر ئەوەین، کە دەیکەین. دەبینین سارتەر داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەوەی دەیکەین، هەر ئەوەیە، کە خۆمان ئێمە ئەمەمان هەڵبژاردووە. واتە ئێمە ئەگەر ئەمە هەڵنەبژێرینو شتێکیتر هەڵبژێرین، کەواتە کردارێکیتر دەنوێنین، کە ئەم کردارە نەبێت. کەواتە مرۆڤ تەواو تەنها خۆی بەرپرسیارە لە کردەوەکانی خۆی، چونکە ئازادی بە سەریدا سەپێنراوە. ئازادیش سەبارەت بە مرۆڤ چارەنووسەکەیەتی، واتە قەزاو قەدەرەکەیەتی. بەو جۆرە دەبینین، کە گارسین لە جیهانی داخراودا دەیتوانی پرۆژەیەکیتر هەڵبژێرێت، کە ئەویش ئەوەیە بە جوامێریو ئازایەتی بمرێت. بۆ نموونە فلۆبێریش دەیتوانی لایەنێکی خراپتر هەڵبژێرێت، کە هیچ کارێک نەکاتو بە پاشماوەی زەوییەکانی بژی، کە بە میراتی بۆی ماونەتەوە، نەک ببێت بەو فلۆبێرەی، کە نووسەری ڕۆمانی مەدام بۆڤارییە.

لێرەدا دەبینرێت، کە سارتەر بیرۆکەی (پرۆژە)ی لە کتێبی (بوونو نەبوون)ەکەیدا بەکارهێناوە، کە بیرۆکەیەکە پەیوەستە بە (بوون)ەوە. بەڵام لە کتێبی (رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالیکتیکی)دا، بە جۆرێک

بەکاری هێناوە، کە جۆرێک بێت لە خۆدامالّینی مرۆڤ لە بوون uprooting of oneself toward existence.

سارتەر مەبەستی لە (بوون) لێرەدا ئەوەیە، کە:"بوونێکی ئەستوویی (مادی) نییە، یاخود بوونی شتەکان نییە لە نێو خودی خۆیاندا، بەڵکو ناهاوکێشەییەکی بەردەوامەو هەوڵێکی بەردەوامو هەتاهەتاییە بۆ ئۆقرەنەگرتنو نەسرەوتن. ئەم تەقەللای نەسرەوتنەش لە کەسێکەو دەگۆڕێت بۆ کەسێکیتر، لای هەر کەسێک مۆدێلێکی هەیە، جیاوازیی هەیە بە پێی هەر پرۆژەیەک سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەڵتەناتیڤی جیاجیا. ئەمەش ئەوەیە، کە ئێمەی بوونگەراکان پێی دەڵێین هەڵبژاردن، یاخود ئازادی."[١٦]

لەم دەقەی سەرەوەدا، کە لە کتێبی (رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالیکتیکی)ەوە وەرمانگرتووە، دەردەکەوێت، کە سارتەر هەر خۆی بەستۆتەوە بە تیۆری بوونگەرایی سەبارەت بە ئازادیی تاک free will doctrine. هەڵبەت ئەم تیۆرەش بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بۆچوونی مارکسیزمدا یەک ناگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای پێویستبوون principle of necessity دارێژراوە. سارتەر لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای کتێبەکەیدا (رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالیکتیکی)

باسی لەوە کردووە، کە مارکسیزم فەلسەفەیەکی ڕەسەنەو بوونگەرایی تەنها ئایدیۆلۆجیایەو هیچیتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونە، کە ئەم پێکەوە لکانەی بوونگەرایی‌و مارکسیزم هیچیتر نییە لەوە بەولاوە، کە هاویشتنی مارکسیزمە، نەک بوونگەرایی، بۆ نێو وشکەبڕوایەکی بەرینتر. سارتەر بۆ ئەوەی بە ئاسانتر ئەم مەسەلەیە نیشان بدات، دەبینین پەنای بردۆتە بەر پراکسیس **Praxis**. ئەم وشەیە زۆر جار مارکس‌و شوێنکەوتووەکانی بەکاریان هێناوە، بەڵام هەر یەکەیان بە بۆچوونێکو بە واتای جیاجیا. بۆ نموونە:

١ـ بە واتای تێگەیشتنی هاوبەش، کە بکاتە پێچەوانەی ڕامان.

٢ـ بە واتای کردار، کە بکاتە بکاتە پێچەوانەی ئەندێشە.

٣ـ بە واتای ئەزموونگەری، یاخود کاری زانستی‌و کارکردن لە بواری پیشەسازیدا.

لێرەدا دەبینین، کە سارتەر ئەم زاراوە مارکسییە تەمو مژاوییە دائەتاشێتەوە، بەڵام بە زیرەکانە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان وشەی هاوواتا بێت لەگەڵ وشەی پڕۆژە لە نێو فەلسەفەی بوونگەراییدا، بە دەستەواژەیەکی وردتر، سارتەر وشەی (پراکسیس)ی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بە خواستی خۆی هاووشەی

بکاتو بیگونجێنێت لەگەڵ بۆچوونی خۆی، کە مەبەست بێت بۆ ئازادیی تاکو بە هۆیەوە ڕەهەندێکی بوونگەرانە ببەخشێت بە مارکسیزم. بەو جۆرە، بیرۆکەی پراکسیس ئەگەر بەو جۆرە لێکدانەوە هەڵبگرێت، کە مەبەست بێت بۆ بیرۆکەی پڕۆژە، یاخود مارکسیەکان باوەڕیان پێی بێت، کەواتە ئەوە دەگەیەنێت، کە مارکسیەکان،بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، باوەڕیان بە ئازادیی تاک هێناوە.

لەگەل ئەوەشدا، سارتەر نەدەبووایە چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرایە، کە ئەم هەڵەیەی سەبارەت بە خۆدی تاک بە ئاسانی بەسەردا تێپەڕ ببێتو هیچ ڕەخنەیەکی نەیێەتە سەر. هەڵبەت پڕۆژە وەک پێناسەیەک ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو جۆرە کەسانە پێی هەڵدەستن، کە ئازادییان هەیە لە خواستیاندا. بەلاّم پراکسیس لەگەڵ ئەوەی، کە واتایەکی بریقوباقی هەیە، کە وەک زاراوە بەکار دێت، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەر ئەوە واتایە دەبەخشێت، کە مرۆڤەکان پێی هەڵبستن لە ژێر سایەی هۆشیاریی تەواویان بەرامبەر بە یاساکانی پێویستبوون. بەم جۆرە، هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەگەر بێتو ئەم دوو بیرۆکەیەی پڕۆژەو پراکسیس هاووشەی یەکتر بکەین، کەواتە ئەو کاتە ئیتر دەبێ مارکسیەکان نەک بوونگەراکان ناچار

بن لە بنەڕەتەوە پیاچوونەوە بە بۆچوونەکانی خۆیاندا بکەن.
ئێستاش با بچینە سەر خاڵی دووەم، کە تیایدا بە ڕوونی جیاوازییەک لە نێوان مارکسیزمو بوونگەراییدا دەردەکەوێت، کە ئەویش جیاوازیی ڕەهەندی تاکە لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، چونکە بوونگەرایی، وەکو لێی تێگەیشتووین بە شێوەیەکی گشتیو وەکو لە لای سارتەریشدا هەیە بە شێوەیەکی تایبەتی، ڕەهەندێکی تاکگەرایی توندڕەوانەی تێدا بەدی دەکرێت. بەڵام مارکسیزم، کە گرنگترین شتە تیایدا، دژی تاکگەراییە. بەڵکو وەها دەبینێت، کە مرۆڤ بەو جۆرە تەماشای بکرێت، کە ئەندامێکی، یاخود ژمارەیەکی نێو کۆمەڵە، یاخود مرۆڤێکە پەیوەستە بە تێکڕای کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە. سارتەر هەوڵی داوە، ئەم کێشەیە لە کتێبی (ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالیکتیکی)دا چارەسەر بکات. هاتووە تیۆرێکی دەربارەی کۆمەڵگا داهێناوە، کە تیایدا باسی لەوە کردووە، کە تیۆرەکەی بە لای مارکسیزمدا دەشکێتەوەو لە هەمان کاتیشدا بە لای بوونگەراییشدا دەشکێتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە، کە تاکو چ ڕادەیەک سارتەر لەم دانانی ئەم تیۆرەیدا سەرکەوتوو بووە؟

ئێمە جارێکیتر دەبینین، کە سارتەر بە ڕێبازی تایبەتی خۆی زاراوەی (نامۆبوون)ی مارکسییانە لە فەلسەفەکەی خۆیدا دووبارە زیندوو دەکاتەوەو بەرگێکی بوونگەرایانەشی بۆ دەپۆشێت، واتە بە واتایەکی بوونگەرایانە دەری دەبڕێت. جارێکیتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین، کە واتای (نامۆبوون) لای مارکس زۆر جیاوازیی هەبووە لەگەڵ واتاکەی لای سارتەر. نامۆبوون لای مارکس بەو واتایە هاتووە، کە مەبەست بێت لە هەستێک، کە مرۆڤ تووشی دەبێت لە ئەنجامی چەوسانەوەی لە لایەن مرۆڤیترەوە. بەڵام لای سارتەر نامۆبوون بەو واتایە دێت، کە خەسڵەتێک بێت لە خەسڵەتەکانی قەیرانی مرۆڤایەتی بە گشتی. کەواتە، بە پێی ئەمە، نامۆبوون بە بۆچوونی سارتەر هەرگیز بە زمانی مارکسیزم ڕوونیی تێدا بەدی ناکرێتو مرۆڤ لێی تێناگات. بەڵام، لە ڕاستیدا، مارکسو سارتەر، هەردووکیان بیرۆکەی نامۆبوونیان لە هێگڵەوە وەرگرتووە. پاشان تیۆرەکەی سارتەر دەربارەی نامۆبوون هەر هاوشێوەی بۆچوونەکەی (هێگڵ)ە، بەڵام ئەم ڕەنگێکی بوونگەرایانەی داوەتێ.[١٧] لە ڕوویەکیترەوە، نامۆبوون، هەر وەکو سارتەر خۆی لە کتێبی (بوونو نەبوون)ەکەیدا باسی لێوە کردووە، ڕەهەندێکی مێتافیزیکییانەی هەیە.

بەڵام لە کتێبەکەیدا (ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی)، مەبەستی لەوە بووە، کە ئەنترۆپۆلۆجی anthropology لە بەرامبەرو لە دژی ئۆنتۆلۆجی ontologyدا ببینێت. بۆ ئەمەش پاساوی سۆسیۆلۆجییانەی هێناوەتەوە سەبارەت بەو دوژمنایەتییە لەبن نەهاتووەی، کە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا هەیەو بەدی دەکرێت، کە ئەم بە جۆرێک وێنای کردووە، کە خەسڵەتێک بێت لە خەسڵەتەکانی مرۆڤایەتی.

ئەو بنەمایەی، یاخود ئەم هۆکارەی، کە سارتەر لەم بوارەدا بۆ ئەم دیاردەیە نیشانی داوە، (کەمی Shortage)[١٨]یە، یاخود (بەشنەکردن Scarcity)ە، بۆیە دەڵیت، تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی (کەمی)یە، یاخود کەم هێنانە لە کاڵاو کەرەستەو خۆراک. لە هەمان کاتیشدا مێژووی خەباتێکی بێ وچانە لە دژی ئەم کەم هێنانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ قۆناغێکی مێژییدا مرۆڤایەتی، هەر چەند هەوڵی داوەو خەباتی کردووە، بەڵام پێداویستییەکانی ژیانی بە تەواوی بۆ دابین نەکراوە. بێگومان ئەم دیاردەیەش، واتە دیاردەی (کەمی)ی پێداویستی، بۆتە یەکەم بەردی بناغەی هەموو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان. واتە بۆتە کلیلی ڕاستەقینە بۆ

تێگەیشتن لە ئاڕاستەی مرۆڤەکان بەرامبەر بە یەکتر. هەروەها بۆتە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە تێکڕای بنەما کۆمەڵایەتییەکان، کە مرۆڤایەتی بنیادی ناون بە درێژایی ژیانیان لەم سەرزەمینە. هەڵبەت (کەمی)، هەر وەکو سارتەر دەڵێت، بۆتە هۆی یەکگرتنی مرۆڤەکان پێکەوە، لە هەمان کاتیشدا بۆتە هۆی دابڕانو جیابوونەوەیان لە یەکتری. (کەمی) بۆتە هۆی یەکگرتنی ئێمەی مرۆڤ پێکەوە، چونکە تەنهاو تەنها بە هۆی کۆکبوونی ئێمە لە هەوڵەکانمان دەتوانین بە سەرکەوتوویی خەبات لە دژی (کەمی)ی پێداویستیی ژیان خەبات بکەینو بجەنگین. هەروەها هەر (کەمی) بۆتە هۆی ناکۆکبوونمان لەگەڵ یەکتر، چونکە هەر یەکەمان دەزانین، کە کەسانیتر، کە بوونەتە کۆسپو بەربەست بۆ دەسەڵاتی ڕەهامان لە پەیداکردنو بەدەستهێنانو دەستکەوتنی هەموو پێداویستییەکانی ژیانمانو خۆشی لە هەموو نیعمەتەکانی ژیان ببینین بە بێ ڕکابەر.

ئەگەر بەم جۆرە بێت، کەواتە هیچ شتێکیتر بزوێنەری مێژوو the motor of history نییە، (کەمی) نەبێت. کێشەکەش لەوەدایە، کە مرۆڤ مەحاڵە بتوانێت بە تەواویو بە ڕەهایی (کەمی)[١٩] نەهێڵێت. لەبەر ئەوە، مرۆڤەکان تەنها ڕێگایەک لە بەردەمیاندا

هەبێت بۆ بەریەرەکانێی دیاردەی (کەمی)، لە ژیانیاندا، ئەوەیە، کە ناچار بن کۆکو تەبا بن لەگەڵ یەکتردا بۆ ئەوەی بە سەر ئەو تراژیدیایەدا زاڵ بن[٢٠]، کە دیاردەی (کەمی)ی پێداویستیی ژیانە لە سەر زەوی. بەڵام پارادۆکس paradox[٢١] لەم کۆکو تەبابوونەدا هەیە. چونکە مرۆڤێک دەزانێ، کە مرۆڤەکەیتری بەرامبەری بۆتە هۆی بوونی دیاردەی (کەمی)، بەڵام هەر لە هەمان کاتیشدا ئەو مرۆڤەیتری بەرامبەری دەبێتە هۆی نەهێشتنی دیاردەی (کەمی). من نەیاری تۆم، تۆش نەیاری منیت. من کاتێک، کە کارو خەبات دەکەم لەگەڵ خەڵکانیتردا لە دژی (کەمی)، لە ڕاستیدا ئەوانەی، کە من کارو خەباتەکەیان لەگەڵدا دەکەم، هەر خۆیان بوونەتە هۆکاری ناچاربوونم بۆ ئەو کارو خەبات کردنە[٢٢]. لە لایەکیترەوە، لە کاتی کارو کۆششمدا لەگەڵ کەسانیتردا، کە دژو نەیاری منن، بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، کارو کۆششیان بۆ دەکەم، کە تێریان بکەم. کەواتە (کەمی) نەک هەر تەنها ڕەهەندو فەلسەفەمانە سەبارەت بە جیهانی سروشتی، بەڵکو ڕەهەندو فەلسەفەشمانە سەبارەت بە مرۆڤی هاوژیانمان. هەر ئەم ڕەهەندو فەلسەفەیەشمانە، کە هەموومان دەکات بە نەیاری یەکتر، کە لە هەمان

کاتیشدا ناچارمان دەکات پێکەوە لەگەڵ دژو نەیارەکانماندا هاوکاری یەکتر بین، چونکە بە تەنهاو بە بێ ئەوان ناتوانین هیچ کارو خەباتێک لە ژیانماندا بکەین. واتە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت خۆی بە تەنها کۆششو خەبات بکات لە دژی (کەمی)ی پێداویستی، تەنها لە ڕێگایەکەوە نەبێت، کە ئەویش پرۆسەی پێکەوە دابەشکردنی کارو چالاکیو... هەر شتێکیترە. لە لایەکیترەوە، ئێمە ئەگەر بڕوانینە سروشت، دەبینین، کە هیچ بایەخ بە مرۆڤ نادات، کە چۆن گوزەران دەکەنو چۆن ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تەماشای ئەم جیهانە بکەین، کە ئێمەی تیادا دەژین، دەبینین، کە تەنها بەشێکی ئەو جیهانی سروشتەیە، کە بایەخ بە مرۆڤ نادات بۆ ژیانی، بەڵام بەشەکەیتری، ئەو جیهانەیە، کە نەوەکانی پێشوومان تیایدا بە درێژایی مێژوویان خەباتیان تیادا کردووە لە دژی نەهێشتنی (کەمی)دا. لەبەر ئەوە سارتەر ناوی لەم جیهانە ناوە جیهانی پڕاکتیکۆ ئینێرت Practico- Inert [23]، چونکە ئەم جیهانە، بە بۆچوونی سارتەر، لە لایەکەوە جیهانێکی چالاکیی مرۆڤەکانە، کە لە کۆنەوە تاکو ئێستا پێکیان هێناوەو دروستیان کردووە. لە لایەکی تریشەوە جیهانێکی نەگەتیڤو سستییە، بە واتایەکیتر، ئەو

جیهانی سروشتەیە، کە مرۆڤ دەبێت کۆششو تەقەللای تێدا بکات بۆ ئەوەی بە سوودو گونجاوو ئامادە بێت بۆ ژیان. پارادۆکسێکی تریش ئەوەیە، کە زۆرترین ئەو هەوڵەی، کە داویەتی بۆ جوانتر کردنی جیهانەکەی خۆیو بۆ چارەسەرکردنی (کەمی)، ئەنجامەکەی بۆتە هۆی پێچەوانە بوونی ئامانجەکەی، بە جۆرێک، کە جیهانەکەی خراپتر بووە، لە بریی ئەوەی، کە باشتر بێت. سارتەر بۆ ئەمە وەک بەڵگە نموونەیەک دەهێنێتەوە، کە جوتیاران لە وڵاتی (چین)دا کاتێک، کە درەختی زۆری دارستانەکانیان بڕیوەتەوەو لە ڕەگەوە هەڵکەندووە بۆ ئەوەی بۆ سووتەمەنی بەکاری نهێننو لە جێگاکەشیدا خانوو دروست بکەن، بەڵام لە ئەنجامدا دارستانەکانی خۆیانیان کردووە بە زەویی ڕووتو بێ بەر. لە ئەنجامی ئەو کارانەیان، زەوییەکانیان هێندە بوودەڵ بووە، ئیدی خۆی لە بەر کارەساتی یەک بە دوای یەک لافاوەکان نەگرتووە. جگە لەوە، نموونەیتریش زۆرە، کە مرۆڤەکان زۆر جار لە ئەنجامی داهێنانە زانستیو تەکنۆلۆجییەکانیان تووشی جیهانیان تووشی کارەساتو مەینەتی کردووە.

کەواتە ئەم جیهانە، جیهانی چالاکییەو لە هەمان کاتیشدا جیهانی سستییە. واتە ئەم جیهانە جیهانێکی

شەڕانگێزییە، کە بناغەکەی (کەمی)یە. تیایدا مرۆڤەکان دووژمنی یەکترن. یان وەکو سارتەر دەڵێ: مرۆڤەکان دژ بە یەکترن **Le contrehomme**. سارتەر لە کتێبی (رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی)دا بە شێوازێکی تراژیدی باس لەم پاڕادۆکسە دەکاتو دەشیکات بە دیالۆگێک لە نێو یەکێک لە شانۆگەرییەکانیدا، کە دەڵێت: "هیچ ئاژەڵێکو هیچ میکرۆبێک نییە لە مرۆڤ دڕندەتر بێت، ئەم ئادەمیزادە بلیمەتو زیرەکەی، کە گۆشتی ئەو ئاژەڵانەش ئەخوات، کە لە پۆلی دڕندەکانیشن. ئادەمیزاد جۆرە گیانلەبەرێکە، کە شارەزایە چۆن بە زیرەکانە نێچیرەکانی ڕاو بکاتو چۆن زیرەکانە ئاوەزی بەکار بهێنێت بۆ لەنێوبردنی مرۆڤەکانی لە جۆری خۆی. ئادەمیزاد هەرە دڕەندەترینو ترسێنەرترین پۆلی گیانلەبەرە، کە خۆمان دەگرێتەوە. مرۆڤ کاتێک، کە لەگەڵ مرۆڤەکانیتردا یەک دەگرێتەوە، ئەوجا (کەمبوون) دروست دەبێت."[٢٤]

سارتەر، هەڵبەت لە کتێبی (رەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی)دا بەم جۆرە لێکدانەوەی ئابوورییانەی بۆ دژە پەیوەندی **Antagonism**[٢٥] و شەڕانگێزیی نێوان مرۆڤەکان کردووە. پاشان دێتە سەر ڕوخساری دیالێکتیکی، کە تیایدا دژە پەیوەندی بە واتای

(نەهێڵانی **negation**) پەیوەندییەکان دێت، کە لە کاتێکدا (نەهێڵانی نەهێڵان) بەو واتایە دێت، کە مرۆڤەکان پێکەوە کۆک دەبنو یەک دەگرن بە مەبەستی هەوڵیان بۆ نەهێڵانی (کەمی). ئەم لێکدانەوەیە بنەمای تیۆرە دیالێکتیکیەکەی سارتەرە سەبارەت بە بنچینەی کۆمەڵگا.

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە، کە سارتەر جیاوازیی لە نێوان دوو جۆر وێنەدا **form** کردووە سەبارەت بە بنچینەی کۆمەڵگا، کە یەکێکیان لە نووسینی کۆمەڵناسە فەرەنساییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا رەنگی داوەتەوە، کە سارتەر ناوی لێ ناون (زنجیرە **series**)و ئەوی‌تریشیان ناوی لێ ناون (گروپ **group**). ئەم دوو جۆر وێنەیەش تەواو جیاوازن لەگەڵ یەکتر. بە جۆرێک، کە زنجیرە بەو واتایە دێت، کە کۆمەڵێ مرۆڤ تەنها شوێنێکی جیۆگرافیی دیاریکراو لە یەکتریان نزیک دەکاتەوەو پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، بە واتایەکی‌تر، ئەمانە ئەو هەستەیان لە ناخدا نییە، کە یەک قەوارەی تەواوی مرۆڤایەتی بن. سارتەر بەوە دەیانشوبهێنێت، کە وەک کۆمەڵێک مرۆڤ بن لە وێسگەیەکدا ریزیان بەستبێتو چاوەڕوانی هاتنی پاسێک بن. لەم دۆخەدا ئێمە دەتوانین ئەم کۆمەڵە مرۆڤە ببینین، بزانین، کە هەنو

بوونیان هەیەوە ڕاستەقینەن، دەتوانین ژمارەیان بزانین.. هتد. هەر یەکەشیان بە تاک تاک بۆ هەمان ئامانجو مەبەست لەو شوێنەدا وەستاوەو ڕیزی گرتووە، بەڵام، ئێمە ناتوانین بڵێین، کە ئەو ژمارە کەسە بە کۆمەڵ هەر یەک ئامانجی هاوبەشیان هەبێت، چونکە هەر یەکەیان ئاڕاستەکەی بە تەنها بەرەو ئامانجێکی تایبەتو کەسایەتیی خۆیەتی. تەنانەت هەر یەکەشیان لە ڕاستیدا نەیاری ئەویتریانە، چونکە هەر یەکەیان بۆ خۆی لە ناخی خۆیدا مەبەستێکی تایبەتی خۆی شاردۆتەوە، بۆ نموونە ئەگەر پاسەکە هاتو ژمارەی جیگاو کورسیی بەتاڵی ئەوەندە تیادا نەبوو، کە بەشی هەموو ژمارەی چاوەڕوانکەرەکان بکات، ئەو کاتە هەندێکیان لە دڵەوە پێیان ناخۆش دەبێت، کە پاسەکە سەریان نەخاتو بە جێیان بهێڵێت، ئیتر ناچار دەبن ڕازی بن، کە لە کات دوا بکەونو لە ڕیزدا بوەستنەوە بۆ هاتنی پاسێکیتر، کە هەڵیان بگرێت. واتە لێرەدا ڕیزگرتن دەبێت بە یاسایەک بۆیان، کە ناچاریان بکات، کە هەر یەکەیان ببێت بە ژمارەیەکی ڕیزەکەو پاڵەپەستۆ دروست نەبێت بۆ چوونە نێو پاسەکە.

کەواتە لێرەدا ڕۆڵی زنجیرە ئەوەیە، کە ناچارکردنە بۆ ڕیزگرتن بۆ ئەوەی جەنجاڵی دروست نەبێت. ئەم

ڕیزگرتنە بە بۆچوونی سارتەر جۆرێکە لە هاوکاریکردنی یەکتری مرۆڤەکان لە نێو خۆیاندا بەڵام بە ناچاری، واتە بە شێوەیەکی نێگێتیڤ، نەک پۆزێتیڤ، کە مەبەستەکەی ئەوەیە، کە ببێتە هۆی (نەهێڵانی) جەنجاڵی، یاخود شەڕانگێزی، هەر لە هەمان کاتیشدا ببێتە هۆی نەهێڵانی (خود)، واتە تاک، چونکە ئەو ژمارە مرۆڤەی لە بەر وێستگەیەکی پاسدا ڕیز دەبەستن، بۆ ئەوەیە بە ناچاری لە (تاک)ەوە خۆیان بکەن بە (کۆ). سارتەر دەڵێت: ژیانی کۆمەڵگایی هەمووی بەم جۆرەیە، پڕە لەم زنجیرەیە،واتە پڕە لەم ڕیزگرتنە. شار زنجیرەیەکە لە زنجیرەکان، چینی بۆرژواش هەروەها زنجیرەیەکە لە زنجیرەکان، کە تیایدا مرۆڤە تاکەکان ناچار دەبن مرۆڤە تاکەکانیتر لە تەنهایی ڕزگار بکەن. ئەگەر بێینە سەر وێنەی دووەم لە (کۆ)بوونی مرۆڤایەتی، کە سارتەر ناوی لێ ناوە کۆمەڵ **Group**، وەکو پێشتر باسمان لێوە کرد، دەبینین، کە جیاوازیی (کۆمەڵ) لەگەڵ (زنجیرە)دا[٢٦] ئەوەیە، کە یەک ئامانجی هاوبەشی هەیە دەبێتە هۆی پێکەوە کۆکردنەوەی تاکەکان، بۆ نموونە کۆبوونەوەی تیپێکی یاریی (فووت بۆڵ) پێکەوە. کەواتە جیاوازیی نێوان زنجیرەو کۆمەڵ، جیاوازییەکی شاراوەیە، واتە ئێمە ناتوانین بە

بینینی چاو جیاوازییەکە ببینین، چونکە جیاوازییە ڕاستەقینەکە لەوەدایە، کە هەر یەک کۆمەڵێک بۆ خۆی بڕیاری داوە، کە وەک بەشێک لە کۆ کار بکات. بە پێی بۆچوونی سارتەرییانە، جیاوازیی ڕاستەقینە لەوەدایە، کە هەر ئەندامێک کار بۆ ئەوە بکات، کە پڕاکسێسی تاک بگۆڕێت بۆ پڕاکسێسی بە کۆمەڵ. بۆ نموونە ڕەنجدەران ڕەنگە بگۆڕێن بۆ کۆمەڵ ئەگەر هاتو بەڵێن بدەن ڕێبازی سۆشیالیزم بگرنە بەر. دەبینرێت، کە لە کاتێکدا، کە خسڵەتی کارو چالاکی لە کۆمەڵدا بەدی دەکرێت، کەچی لە زنجیرەدا سستیو کەمی بەدی دەکرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، چونکە هەر ئەندامێک لە نێو بازنەی پڕاکسێسی تاکڕەوانەی تەنها تایبەت بە خۆی خۆی قەتیس دەکات، ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت، کە کۆمەڵ لەبەر ئەوەی خسڵەتی کارایيو چالاکیی تیادا بەدی دەکرێت، بۆیە ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە بوونی کۆمەڵایەتیدا.

بە بۆچوونی سارتەر، دروستبوونو گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، وەک دەبینرێت، دەرەنجامی هۆشیاريو تێگەیشتنمانە لەو ڕاستییە ئاشکرایەی، کە ئێمە یان دەبێ پێکەوە بە هاوکاری بژین، یاخود بە

هۆی ململانێوە، هەر یەکەمان ئەوی‌ترمان لە نێو بەرێت.

جارێکی‌تر لەمەوە دەردەکەوێت، کە (کەمی) هێزی بزوێنەرە **the driving force**و تەنها هەر ئەمەشە، کە مرۆڤایەتی ناچار دەکات، کە کار پێکەوە بکەن. پاشان سارتەر وای دەبینێت، کە ئەمە، واتە، ئەم (کەمی)یە، سەرچاوە بێت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان، کە زۆر جار لە شێوەی بە کۆمەڵ دەر بکەون، نەک لە شێوەی زنجیرە. سارتەر ئەم بۆچوونەی گەشە پێ داوەو سێ ڕەهەندی بیری تیادا نیشانداوە، ئەم سێ ڕەهەندی بیرە یەکەمیان پەیمان بەستنەو دووەمیان شەڕانگێزییە، واتە توندوتیژییە، سێهەمیشیان ترسە. بە بۆچوونی سارتەر، کۆمەڵ ئەو کاتە دروست دەبێتو گەشە دەکات، کە هەر تاکێک پەیمان دەدات، کە ببێتە ئەندامێک لە کۆمەڵگادا، ئەگینا دەبێ ببێت بە نەیارو دوژمنو پەیمانی خۆی بشکێنێت، واتە خیانەت بکات. ئەم پەیمانە دەبێ جێبەجێ بکرێتو کۆمەڵیش بیپارێزێت. لەمەوە ئیتر ڕۆڵی توندوتیژیو ترس دێتە پێشەوە. واتە ترس دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵ، هەر ترسیشە، کە دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی کۆمەڵ. دەبینرێت، کە هۆکاری پەیمانو ترس پێکەوە گرێ دراون بە

توندوتیژییەوە. چونکە توندوتیژی ئەوەیە، کە لە دژی ئەو کەسە تاکانە دەکرێت، کە لە بازنەی کۆمەڵ دەردەچن. لە لایەکیترەوە،

سارتەر وەها دەبینێت، کە هەموو جۆرە، کۆمەڵێک، یان کۆمەڵگایەک، دەکەوێتە بەر هەڕەشەی بەردەوامی ترسو تۆقاندنو دژواری. ترسەکەش لەوەیە، کە خسڵەی کۆمەڵ نەگۆڕێت بۆ خسڵەتی زنجیرە. ئەم ترسە لای هەر تاکێکو هەر ئەندامێکی، کۆمەڵ، یاخود کۆمەڵگا، دروست دەبێت. پاشان ترس تاقە بیمەیەک بۆ دڵنیابوون لە بە بەردەوامی مانەوەی کۆمەڵ. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیالێکتیکییەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین، دەبینین، کە ترس بەو واتایە دێت، کە خۆی لە خۆیدا توندوتیژی بێت بۆ نەهێڵانی هۆی. واتە توندوتیژی لە ڕوانگەی دیالێکتیکەوە، جۆرێکە لە (برایەتی)، چونکە هەر توندوتیژییە، کە مرۆڤەکان ناچار دەکات لە ژیانیاندا ببن بە برای یەکتری. هەر توندوتیژیشە، کە بەردەوامی بە برایەتی دەبەخشێت، چونکە هەر تاکێک بیر لەوە بکاتەوە، کە لە بازنەی برایەتی دەر بچێت، خۆی دەخاتە مەترسییەوە، کە لە هەر ساتێکدا بێت توندوتیژیی بەرامبەر بکرێت.

سارتەر باشترین نموونەی لە بارەی ئەمەوە هێناوەتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە کۆمەڵ جۆرە نموونەیەکە بۆ دەوڵەت. چونکە دەوڵەت بە لایەوە ئەوەیە، کە "کۆمەڵە، کە بە بەردەوامی خۆی بنیاد دەنێتەوە. بە نیمچە نوێبوونەوەیەکی تاکەکانی، گۆڕان بەسەر پێکهاتەکەیدا دێت."[٢٧] لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر کۆمەڵەیەکی تەواوە لە نێو بۆتەیەکدا دەبینرێت، کە سەرکردەو ڕابەری خۆی تیا دێنێتە بەرهەم. پاشان، بۆ ئەوەی خسڵەتی بەردەوامبوون بە خۆی ببەخشێت، دەبێت کۆمەڵێک دامەزراوەی هەبێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بناغەی دروستکردنی دەسەڵاتە. لە لایەکیتریشەوە، دەسەڵات پەیوەستە بە ترسەوە. واتە ئەو کەسانەی، کە دەسەڵات دەگرنە دەست، تاکەکانی کۆمەڵ ئەو دەسەڵاتەیان پێ بەخشیوە، کە لێ بنێت بەرامبەر بە خۆیان بە شێوەیەکی شەرعی، یاخود یاسایی. لێرەوە جیاوازی دەردەکەوێت لە نێوان کۆمەڵێکو کۆمەڵێکیتردا. لە زنجیرەدا (من ملکەچم) چونکە (ناچارم بە ملکەچی)، بەڵام لە دەوڵەتدا لە ڕاستیدا من ملکەچی خۆم دەبم، چونکە من خۆم پەیمانم داوە، یاخود بەڵێنم داوە، کە ببم بە ئەندامێک تیایدا. هەر من خۆشم مافم بە دەسەڵات داوە، کە فرمان

دەربكاتو من خۆم پەیڕەوی بکەمو ملکەچی بم. بێگومان سارتەر ناڵێت، کە هەر تاکێک خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم بەڵێنو پەیمانەی داوە، بەڵکو دەڵێت ئەم بەڵێنو پەیمانە شێوازەکی خۆرسکیی هەیە، یاخود بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیەو لە ڕێگای نوێنەرایەتییەوەیە. بەڵام بە هەر حاڵ، خۆی لە خۆیدا بەڵێنو پەیمانە.
دواجار ئەوە ماوە لەم بوارەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە، کە سارتەر وەها دەبینێت، کە مەبەست لە ترس تەنها برایەتی نییە، بەڵکو ئازادیشە، چونکە من کاتێک، کە دەمەوێت بە ئازادیی خۆم پڕۆژەی منی تاک تێکەڵ بە پڕۆژەی کۆمەڵ بکەم، کە دەوڵەتە، کاتێکیش، کە ملکەچی ئەو دەسەڵاتە دەبم، کە بۆ خۆم بڕیارم داوە ملکەچی بم، ئەو دەسەڵاتەی، کە لە لایەکەوە بۆ خۆم پشتگیریی لێ دەکەمو لە لایەکیترەوە، کە کار بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەت دەکات بە گشتی، ئەو ساتە ئیتر من ئازادیی خۆم وەردەگرمەوە.
ئەمە بە کورتی تیۆرەکەی سارتەرە دەربارەی بنیادنانی بناغەی کۆمەڵایەتی. ئێستاش پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا تاکو چ سنوورێکو چ ڕادەیەک دەتوانین بەم تیۆرەی سارتەر بڵێین تیۆری مارکسی؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە شیوەیەکی ئاسان ئەوەیە، کە ئەم تیۆرە سارتەرییە بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا هەمان ئەو تیۆرەیەتی ،کە دەربارەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دایڕشتووە، کە لە کتێبی (بوونو نەبوون)ەکەیدا باسی لێوە کردووەو لە شانۆگەریی (دەرباز نەبوون)دا لە دیالۆگێکدا بەرجەستەی کردووە لە سەر زمانی یەکێک لە پاڵەوانەکانی، کە دەڵێت: "کەسانێتر دۆزەخن". ئەم تیۆرە دەتوانین بەم جۆرە چڕی بکەینەوە: من کاتێک، کە قسە دەکەم، واتای ئەوەیە، کە لە ڕێگای وشەوە خۆم دەگوڕم لە (خود)ەوە بۆ (بابەت). واتە من کاتێک وشە لە زارم دێتە دەرێو کاتێک کەسانیتر گوێیان لە وشەکانم دەبێت، ئەو وشانەم دەبنە شتەکانی جیهانی دەرەکیم. دەبنە ئەو شتانەی، کە (کاسانێتر) توانایان دەبێت گوێیان لێ بێت، دەتوانن بیری لێ بکەنەوە، بشبێت بە بواری گفتوگۆکانیان. ئیتر بەو جۆرە، وشەکانی من دەبن بە داتای جیهانی ئەوان، واتە هەر ساتێک من وشەکانم لە زار بێتە دەر، ئیتر خۆم نابم بە خاوەنیان، هیچ پەیوەندییان بە منەوە نامێنێت، چونکە ئیتر ناتوانم بیانخەمە نێو بازنەی کۆنترۆڵی خۆمەوە. لەمەوە سارتەر ئیتر ناچار بووە بڵێت، کە مرۆڤ کاتێک بیەوێت پەیوەندی لەگەڵ کەسانیتردا

دروست بکات، یاخود تەنانەت بیەوێت لەگەڵیاندا یەکتر ببینن‌و گوێ بیستی یەکتر ببن، ئیتر ئەو کاتە بەشێک لە خۆدی خۆی لە دەست دەداتو دەبێتە بەشێک لە (کەسانێتر)، واتە لەوە دەوەستێت، کە ببێت بە خۆدی خۆی سەبارەت بە خودی خۆی، چونکە ئیتر ئەمیش دەبێتە کەسێکی‌تر سەبارەت بە کەسی‌تر. کەواتە، من کاتێک، کە قسە دەکەم، ئیتر نابم بە خۆدی خۆم، بەڵکو دەبم بە کەسێکی‌تر سەبارەت بە تۆو سەبارەت بە خودی خۆشم. بوونی کەسی‌تریش لەو کاتەدا هەردەم دەمانگۆڕێت بۆ بابەتو ئیتر وەک خود نامێنینەوە. ئیتر بەو جۆرە، بوونی کەسانێتر بە تەواوی ئازادیمان لێ دەستێنێتو داگیری دەکات. لێرەدا دەبینین، کە ئەم وشەیەی سارتەر بۆ نیشانەی بوونی کەسی‌تر بەکاری هێناوە، خۆی لە خۆیدا نیشانەیە بۆ کەسانێترگەرایی **Altruism**.

لە ڕاستیدا ئەم تیۆری (ئەلتریزم)ە بۆ یەکەم جار هێگڵ ورووژاندوویەتی، پاشان سارتەر لە سەرەتای کتێبی (بوون‌و نەبوون)ەکەیدا لە باسی بوونگەراییدا گەشەی پێ داوە. سارتەر بیری وەها بووە، کە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا هەر دەبێت شەڕانگێزیش بەدی بکرێت، چونکە هەر تاکێک، کاتێک، کە بە

چاوی بابەت دەڕوانێتە کەسانێتر، ئەوە واتای ئەوەیە، کە بەشیک لە ئازادییان لێ داگیر دەکات. ئەمە هۆکارێک بووە بۆ سارتەر بۆ ئەوەی لە کتێبی (بوون‌و نەبوون)ەکەیدا بڵێت، کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان جۆرێکن لە ململانێی مێتافیزیکی، بە چەشنێک، کە دەبینین هەر مرۆڤێک بە تەنها هەوڵ دەدات مرۆڤیتر بخاتە کەنارەوەو ئازادیی لێ داگیر بکات بە ڕێگای گۆڕینی خسەڵەتەکەی لە (خود)ەوە بۆ (بابەت)، یاخود بۆ شتێک لە شتەکانی، کە بوونیان لە جیهاندا هەیە. لە بەرامبەردا، دەبینین، کە هەر تاکێک داکۆکی بوونی ئازادیی خۆی دەکات‌و بەردەوام بەرهەڵستی لە دژی ئەو پرۆسەیە دەکات، کە لە (خود)ەوە بیگۆڕێت بۆ (بابەت). بەم جۆرە سارتەر لە (بوون‌و نەبوون)ەکەیدا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی، کە تەنها پەیوەندییەک، کە بشێ لە نێوان مرۆڤەکاندا بوونی هەبێت، ئەو جۆرە پەیوەندییەیە، کە ڕوو لە سادیزم **sadistic**و ماسۆشیزم **masochistic** دەکات. پاشان جۆری پەیوەندیی هەماهەنگی‌و خۆشەویستی‌و تەبایی مەحاڵە بوونی هەبێت، چونکە پەیوەندیی ململانێ تاقە شێوازێکی هەمیشەیی‌و بەردەوامە لە سروشتی مرۆڤدا.

له کتێبی (ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی)دا سارتەر بەردەوام باوەڕی بەم چەشنە پەیوەندییە مرۆڤایەتییە پڕ لە توندوتیژیو ململانێیە هەبووە، کە بوونی هەبێت. هەرگیز تەبایی‌و خۆشەویستیی تیادا بەدی نەکراوە. هێڵی هاوبەش لە نێوان ئەو پەیوەندییانەدا تەنها پەیمان، یاخود بەڵێن لە لایەکەوەو لە لایەکیترەوە ترسە. تەنانەت کاتێک، کە مرۆڤەکان پێکەوە کۆدەبنەوەو یەکتر دەگرن‌و دەبن بە (کۆ) بە هۆی ئەم دوو لایەنەوە، بەڵام ئەم (کۆ) بوونە هێشتا هەر لە بەر هەڕەشەی مەترسیدا دەبێت، کە بتوێتەوەو بگۆڕێت بۆ خەسڵەتی زنجیرە، یان ڕەنگە ببێتە قەوارەی تاکی پرش‌و بڵاو. بە کورتی، لە کتێبی (ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی)دا بە هیچ جۆرێک ئەو بۆچوونە ئەرستۆییە **Aristotelian notion** بەناوبانگە بەدی ناکرێت، کە دەڵێت: مرۆڤ زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

کەواتە، ئەم بۆچوونەی سارتەر، کە لە کتێبی (ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی)دا دەیخاتە ڕوو، کە هێشتا نزیکە بۆچوونە سەرەتاییەکانیەوە، هەڵبەت ئەوە دەگەیەنێت، کە هێشتا هەر لە فەلسەفەی مارکسییەوە زۆر بە دوور بووە. ئەوەی ڕاستی بێت، مارکس هەرچەندە فەلسەفەکەی لە هەندێک لایەنەوە

تەمومژاویی پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە تەواوی ڕوونیی نیشانداوە لە دژایەتیکردنی ئەو بۆچوونەی، کە دەڵێت مرۆڤەکان قەوارەی تاکی دژ بە یەکترن. بە بۆچوونی مارکس، سروشتی کۆمەڵایەتی دۆخی سروشتیی مرۆڤە. کەواتە، ئەگەر بەم لێکدانەوەیە بێت، دەبێ هەموو ئەوەی سارتەر باسی لێوە کردووە سەبارەت بەوەی، کە پەیمان بەستنو ترس بنچینە بن، یاخود بەردی بناغە بن بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگاکان، دژ بێت لەگەل بۆچوونی مارکسیزم.لە لایەکیترەوە، بۆچوونی سارتەر سەبارەت بە (کەمی)، یەک ناگرێتەوە لەگەڵ بنەمای زانستی ئابووریی مارکسیزم، کە وەهای دەبینێت، کە بۆچوونێکی بۆرژوایانە بێت، کە ماڵتۆس **Malthus**و ئەو ئابووریناسە کلاسیکییانەیتر دایانهێناوە، کە لە ڕاستیدا بانگەشەیان بۆ ئایدیۆلۆجییەکان کردووە، کە ببن بە بۆرژوا. هەڵبەت مرۆڤایەتی لە سەرەتای مێژوویدا لە سێبەری کۆمۆنیزمێکی سەرەتاییدا ژیانی بردۆتە سەر. بەڵام کاتێک، کە مرۆڤ ئاسنی دۆزیوەتەوەو بە هۆیەوە کەرەستەو ئامێری ئاسنین داهاتووە، ئەو کاتە ئیتر مرۆڤ کەوتۆتە چەوساندنەوەی مرۆڤیتر. ئەوجا بەشێک لە مرۆڤایەتی، لەم سەردەمەماندا، بە هۆی

خاوەندارێتییان بۆ کەرەستەو ئامێری بەرهەمهێنان، توانیویانە کرێکار بچەوسێننەوە بە مووچەی زۆر کەم، کە بە ناچاری بە کوێرەوەریو کوڵەمەرگی ژیان بەرنە سەر. ئەمە بێگومان پوختەی تیۆری مارکسیزمە سەبارەت بە لێمانەوەی نرخ، کە نابێت بەوەی دابنێین، کە تیۆرێک بێت بناغەکەی (کەمی) بێت، چونکە (کەمی) بە بۆچوونی مارکس سروشتێکی تایبەت نییە، بەڵکو تەنها دەرەنجامی چەوسانەوەی مرۆڤە لە لایەن مرۆڤیترەوە.

بەم جۆرە بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە سارتەر سەرنەکەوتووە لە ئامانجەکەیدا لە داهێنانی فەلسەفەیەکی مارکسیزمی مۆدێرن، بەڵکو مرۆڤ کاتێک، کە کتێبی (ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی دیالێکتیکی) دەخوێنێتەوە، لاپەڕە دوای لاپەڕە بۆی دەردەکەوێت، کە سارتەر ئامانجەکەی خۆی بیرچۆتەوە، کە بیگاتێ. هەروەها هەموو ئەو شتانەی بیری چۆتەوە، کە لە پێشەکیی کتێبەکەیدا باسی کردووە سەبارەت بەوەی، کە مارکسیزمی بە فەلسەفەیەکی ڕەسەن ناساندووەو بوونگەرایی خستۆتە پەراوێزی مارکسیزمەوەو تەنها وەک ئایدیۆلۆجییەت تەماشای کردووە. هەر لە لاپەڕەی ٣٥١وە، لە کتێبەکەیدا، تەواو لە ڕێچکە لایداوە، بە

تاییەتی کاتێک، کە گوتوویەتی، کە "گونجاندنی ئاوەزیی دیالێکتیکییانەی بوونگەرایی تەنها خاڵی سەرەتاییە بۆ ئاماژەدان بەوەی، کە ڕێبازی مارکسیزم گشتگیرەو پێویستە لە ڕووی ئەوەی، کە یاسایەکە بۆ هۆشیاری. هەروەها باغەیەکی ئاوەزگەرایانەیە بۆ ستراکچەری بوون."[28]

بەم جۆرە خواستی سارتەر بۆ بەرزکردنەوەی بەهای ڕێبازی دیالێکتیکی لە خواستی مارکس خۆی زۆر بەرزتریش بووە[29]. نەک هەر ئەوە، بەڵکو سارتەر لە خواستیدا تەنانەت ئەو سنوورەشی تێپەڕاندووە، کە خۆی لە بەشی سەرەتای کتێبەکەیدا خستوویەتییە ڕوو، کە بۆچوونەکانی دێکارتو لۆکو کانتو هێگڵو مارکس دەبێ لە چوارچێوەی سەردەمەکانی خۆیاندا لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. سارتەر ئەمەی کاتێک تێپەر کردووە، کە هاتووە، بە پێچەوانەی قسەکانی خۆیەوە، فەلسەفەکەی، کە تاییەتە بە خۆی، وەک فەلسەفەیەکی ڕەهایانە نیشان داوە بەو پێیەی، کە دەربڕینێک بێت بۆ بنیادنانی ئاوەزگەرایانە سەبارەت بە بوون. ئەم خواستەشی تەنانەت ئەوەشی تێپەڕاندووە، کە لە سەرەتادا بوونگەرایی تەنها وەک ئایدیلۆجیا بە ئێمە ناساندووە.

له لایەکیترەوە، هەوڵی سارتەر بۆ نوێکردنەوەی مارکسیزم لە ڕاستییەکەیدا نوێ کردنەوە restatement نەبووە، بەڵکو گەڕانەوە بووە بۆ دواوە بۆ فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەمو هەژدەیەم، ڕەنگە گەڕانەوە بوو بێت بۆ سەدەی حەڤدەیەمیش. بەدەر لەو زاراوانەی، کە سارتەر بەکاریهێناون، وەک: ئازادیو ترسو برایەتی (کە ڕەنگە بشێ بیانگێڕینەوە بۆ ڕۆبسپیر)، دەبینین ئەو تیۆرەی، کە خستوویەتییە ڕوو سەبارەت بە لێکدانەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی، لە ڕاستیدا خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی. ئەو جۆرەیە، کە لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەی ئەو بۆچوونانەن، کە فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز لە سەدەی حەڤدەیەمدا گوتوونی. دەبێت تێبینیی ئەوەش بکەین، کە ئەو زیادەیەی، کە سارتەر خستوویەتییە سەر تیۆرەکەی هۆبز، کە باس لە بیرۆکەی (کەمی) دەکات، خۆی لە خۆیدا بیرۆکەیەکە لە فەیلەسووفی سکۆتلاندی دەیڤد هیوم وەریگرتووە، کە یەکێک بووە لە ڕەخنەگرانی فەلسەفەی هۆبز لە سەدەی هەژدەیەمدا.

ڕاستە، کە هۆبز وشەی (توندوتیژی **Violence**)ی لە فەلسەفەکەیدا بەکار نەهێناوە، بەڵام وشەی (جەنگ **War**)ی بەکارهێناوە. هەروەها وشەی (بەڵێن

Pledge)ی بەکارنەهێناوە، بەڵام وشەی (پەیمان Covenant)ی بەکار هێناوە. باسی لە (ترس Terror) نەکردووە، بەڵام باسی لە دەسەڵات کردووە، کە ئاساییش دەسەپێنێت بە سەر هەمووواندا بە ڕێگای دڕندایەتیو شکۆیی بەرامبەریان. هەموو ئەمانە ڕاستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرەکەی سارتەر دیسان هێشتا هەر تیۆرەکەی هۆبز بووە، ئەگەرچی ناولێنانی وشەکان جیاواز بوون.لە ڕاستیدا نە (هۆبز)و نە (سارتەر)یش بەو جۆرە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتییان نەخستۆتە ڕوو، کە لۆکو ڕۆسۆ خستوویانەتە ڕوو، چونکە ئەوی ئەم دوانە خستوویانەتە ڕوو، تیۆرێک بووە، کە تەوەرەکەی بەڵێندانو هێز بەکارهێنان بووە، نەک پەیمان بەستن، یاخود پەیمان گرێدان. لە لایەکیترەوە، ئەگەر چی تیۆرەکەی سارتەر سەبارەت بە دەسەڵاتی باڵا sovereignty کەمێک ئاڵۆزترە لە تیۆرەکەی هۆبز، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی سارتەر دەیڵێت لە دوایین جاردا هەمان ئەو شتەیە، کە هۆبز گوتوویەتی سەبارەت بەوەی، کە ترس بەردی بناغەی کۆمەڵگای سیاسییە. خاوەن دەسەڵاتی باڵاهەر ئەو کەسەیە، کە خەڵکی پێی ڕازی بوون، کە هەرچییەکی ئارەزووی لێ بوو بیکات بە مەبەستی ئەوەی ئاساییشو ئاشتی

بپارێزێت، له دواجاردا خاوەن دەسەڵاتی باڵا، ئەو کاتەی، که خەڵکی ناچار دەکات ملکەچی دەسەڵاتە باڵاکەی بن، ئەوە دەگەیێنێت، که ئازادییان بۆ دەگەڕێنێتەوە. هەر وەک هۆبز بیری بۆ ئەوە چووە، که بناغەی بەردەوامبوونی کۆمەڵگای سیاسی ترسە له گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی**state of nature** [30]، که ئاسایشی تێدا بەرقەرار نابێت. دەبینین سارتەر وەهای بینیوە، که بناغەی بەردەوامبوونی کۆمەڵگای سیاسی ترس بووە له توانەوەی، یاخود شیبوونەوەیو گۆڕانی خەسڵەتی له کۆمەڵەوە بۆ زنجیرە.

سارتەر نووسیویەتیو دەڵێت: "کۆمەڵ **group** داکەوتێکی مێتافیزیکانە نییە، بەڵکو بێ گومان پەیوەندییەکی تایبەتە له نێوان مرۆڤەکاندا له ئاستی بابەتە هاوبەشەکانو له نێوان خۆیاندا. ئەگەر بێتو بارو دۆخی ململانێو ڕکابەری ببێتە هۆی داوەشانی کۆمەڵ، یاخود ئەگەر بێتو ئەنجامەکەی نەبێتە هۆی دووبارە ئاوێتەبوونەوەی کۆمەڵ، ئەو کاتە ئیتر کۆمەڵ دەمرێتو له نێو دەچێت."[٣١]

بەم جۆرە دەبینین، که ئەم تیۆرە سارتەرییە خۆی له خۆیدا دەقاودەق تیۆرێکی هۆبزییانەی ڕووتە. تەنانەت ئەو زیادەیەی، که سارتەر خستوویەتییە سەر ئەم تیۆری هۆبزییە، که بۆچوونی (کەمی)یە، له ڕاستیدا

له دەیڤد هیومەوە وەری گرتووە، بە تایبەتی لە کتێبەکەیەوە، کە بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی سروشتی مرۆڤایەتی)ە، کە لە بەرگی سێیەمیدایە، کە نووسیویەتی: "هێندەی مرۆڤ دڕندەیە لە ئاستی زیندەوەرەکانیتر، سروشت بۆ خۆی ئەوەندە دڕندە نییە. واتە مرۆڤ تاقە ئاژەڵێکە، کە بە جۆرێک دڕندەیی لە سروشتیدا دەنوێنێت، هیچ ئاژەڵێکیتر لە ژیانی سەرزەمیندا ناینوێنێت. سروشت بە جۆرێک پێداویستیو ئارەزووی بە مرۆڤ بەخشیوە، کە سنووری نییە، لە چاو ئەو پێداویستیو ئارەزووانەی بە زیندەوەرەکانیتری بەخشیوە. لەگەڵ ئەمەشدا، مرۆڤ لە ڕێگای ژیانی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانێت (کەمی)یەکانی پڕکاتەوەو بەرز بێتەوە بۆ ئاستی زیندەوەرەکانێتر. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئاستی زیندەوەرەکانێتریش تێپەڕ بکاتو لە ئاستی ئەوانیش بەرزتر بێتەوە. هەموو ئەمانە بە هۆی چالاکیو کرداری کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت، کە مرۆڤ بە تەنها هەر چەند هەوڵو کۆشش بکات، بەڵام دەبینێت، کە پەرتو بڵاو دەبێتو بە بێ هودەیی هەوڵ دەدات هەموو ئارەزوو پێداویستییەکانی خۆی لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکاندا بێنێتە دی. بە هۆی پەرشو بڵاوبوونەوەشی ناتوانێت لە هیچ بوارێک لە

بوارەکاندا داهێنان بکاتو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. واتە لە ئەنجامدا تووشی کوێرەوەریو دارمان دەبێت. بەڵام ئەگەر لە ژیانی کۆمەڵگاییدا ژیا، ئەو کاتە تووشی ئەم سەختیو دارمانە نابێت."[٣٢]

ئەگەر چی هیوم وەها دەبینێت، کە هەر کۆمەڵگایەک، کە تووشی (کەمی) دێت، لە ئەنجامدا ناچار دەبێت (رێک بکەوێت)، بەڵام وەها نابینێت، کە سروشتی رێککەوتنەکە بەڵێندان بێت، یاخود پەیماندان بێت، چونکە بە لایەوە وەهایە، کە رێککەوتن لە بناغەدا لە بەرژەوەندیی هاوبەشەوەیە. لەبەر ئەوە دەبینین، کە هیوم دژی بۆچوونەکەی هۆبز بووە سەبارەت بە پەیمانی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین، کە سارتەر، ئەگەر چی بیرۆکەی (کەمی)ی لە (هیوم)ەوە وەرگرتووە، بەڵام بۆچوونەکەی هۆبزی سەبارەت بە سروشتی پەیمان فەرامۆش نەکردووە، کە ئەمە رێک دەگونجێت لەگەڵ بۆچوونەکانی سارتەر، کە لەگەڵ بۆچوونەکانی هۆبزدا سەبارەت بە سروشتی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا یەک دەگرنەوە. چونکە هیچ لە جیهانێکی ململانێو دژایەتیو شەڕانگێزیدا بوار نامێنێت باس لە هەستکردن بە بەرژەوەندیی هاوبەش بکرێت.

له دواجاردا، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە لایەنی بیرکردنەوەی مارکسییانە نەبێت لە تیۆرەکەی سارتەردا؟ لە ڕاستیدا ئێمە ئەگەر بگەینە ئەو دەرەنجامە، کەواتە دەگەینە ئەنجامێک، کە تەواو دوور بێت لە ڕاستییەوە. چونکە سارتەر، ئەگەر چی سەرکەوتوو نەبووە لە داهێنانی فەلسەفەیەکی مارکسیی ڕەنگکراو بە بوونگەرایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تاکو ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لە داهێنانی فەلسەفەیەکی بوونگەرایی ڕەنگکراو بە فەلسەفەی مارکسی، بەو پێیەی، کە سوودی لە زۆر بیرو بۆچوونی مارکسیزم بینیوە، بە تایبەتی لە تیۆری مارکسیزم سەبارەت بە چینایەتی، کە دەبینین ئەو ماریفەتە مارکسییانەی، کە هاندەرن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ناچینایەتی، بوون بە سرووش بۆ سارتەر باوەڕهێنان بەوەی، کە بشێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە مۆدێلی زنجیرەیی بۆرژواییەوە بگۆڕێ بۆ مۆدێلی کۆمەڵگای سۆشیالیستی.

تێبینیش ئەوەیە، کە سارتەر هەمیشە پێداگریی لە سەر ئەوە کردووە، کە توندوتیژی شێوازێکە لە شێوازەکان بۆ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە. هەڵبەت سارتەر لێرەدا ئەو بۆچوونە مارکسییانەی تێپەڕاندووە، کە

باوەڕی بەوە بووە، کە شۆڕش هەر دەبێت خوێناوی بێت. بێگومان، ئەم پێداگرییەی سارتەر دەگونجێت لەگەڵ بۆچوونێک، کە مرۆڤ بە زیندەوەرێک بزانرێت، کە دژ بە مرۆڤ بێت، وەکو لە پێشتردا بینیمان باسی لێوە کرا. سارتەر ئەم بۆچوونەی لە یەکێک لە دەقە شانۆییەکانیدا جێ کردۆتەوە، کە زۆر بە ڕوونی باس لەوە دەکات، کە ئەم باوەڕی پێیەتی، باشترین ڕێبازە بۆ کاری شۆڕشگێڕانە. دەقە شانۆییەکەی بە ناونیشانی (دەستە چەپەڵەکان **Les Mains Sales**)ە، کە تیایدا وەک لە نووسینەکانیتریشیدا نیشانی داوە، کە سۆشیالیزم بە دەستو پەنجەی نەرمو نیانو سپیو سۆڵ نایەتە دی، بەڵکو هەر دەبێت بە دەستی خوێناوی بێتە دی.سارتەر، ئەگەر چی هاوڕا بووە لە لێکدانەوەی سەبارەت بە کۆمەڵگای شارستانی، بەڵام باوەڕی بە ئاشیخوازی نەبووە. سارتەر دیارە، کە بۆچوونی پێچەوانە بووە لەگەڵ بۆچوونی هۆبز سەبارەت بە نەفرەتکردن لە جەنگو بانگەشەکردن بۆ ئاشتیخوازی[٣٣]. سارتەر لە ڕووی پراکتیکەوە ئەم بۆچوونە فەلسەفییەی سەلماندووە بەوەی، کە لە ساڵی ١٩٦٦دا داوای لە یەکێتیی سۆڤیەت کردووە، کە هێزەکانی بنێرێت بۆ ڤیەتنام بۆ پشتگیریکردن لە شۆڕشگێڕە ڤەتنامییەکان لە دژی وڵاتە

یەکگوتووەکانی ئەمریکا، ئەگەر چی ئەم کارەش ببێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی سێیەمیش.هەروەها سارتەر لەو پێشەکییەی، کە بۆ کتێبەکەی (فرانز فانۆن) نووسیویەتی، کە بە ناونیشانی (نەفرەتلێکراوەکانی سەر زەمین Les damnes de le terre)ە، پشتگیریی لە ڕای فانون کردووە سەبارەت بەوەی، کە توندوتیژی ڕێگایەکە بۆ خاوێنکردنەوەی ڕوح. ئەوەشی گوتووە، کە ئەو توندووتیژییەی، کە هاونیشتمانییەکان بەکاری دەهێنن، ڕێگایانە بۆ خاوێنکردنی ویژدانی خۆیان. ڕاونانو دەرکردنی داگیرکەرانیش بە هێزی چەک، چارەسەرکردنی ڕوحیانە، کە ئێشو ئازاریان پێ گەیشتووەو هێشتا هەر ئێشو ئازار دەچێژنو دەناڵێنن لە ژێر باری هەست کردن بە چەوسانەوە. لە ڕاستیدا دیارە، کە سارتەر لە هەموو ئەمانەدا هاوڕا بووە لەگەڵ ئەم جۆرە بۆچوونانەی، کە لە کتێبی (بوونو نەبوون)ەکەیدا نیشانی داون، تیایدا ناچارمان دەکات، وەکو بینیمان، ڕێگایەک هەڵبژێرین، یان ئەوەتا ببین بە ماسۆشیست، یان ئەوەتا ببین بە سادیست.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لە فەلسەفەکەی سارتەردا جۆرە میتۆدێکی پوختو توندو تۆڵ هەیە، کە بە ڕێکی

دایڕشتووەو تیایدا ناچارمان دەکات، کە جۆرە هەڵبژاردنێکی بوونگەراییانەمان هەبیت، ئەویش ئەوەیە، کە یان فەلسەفەکەی بە تێکڕا قبووڵ بکەین، یاخود بە تێکڕا قبووڵی نەکەین.

# پەراوێزو سەرچاوە:

---

[1] ئارگیومێنت لە زمانی کوردیدا بە واتای مشتومڕ لە سەر بەڵگەهێنانەوە بۆ سەلماندنی چەمکێک دێت، کە پرسیار بورووژێنێت.

[2] Wittgenstein, Philosophical Investigations, trans, into English by, E. Anscombe, S, 123, Oxford 1958.

[3] B. Russell, Logic and Knowledge, Essays, 1900 – 1950, p. 193, ed. By Marsh,. London, 1956.

[4] سەرچاوەی ئەم نووسینە کتێبێکە بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی (Contemporary Political Philosophers)، دوو سەرنووسەری هەیە: (Anthony de Crespigny)و (Kenneth Minogue)، لە لایەن کۆمپانیای (Dodd, Mead & Company) چاپکراوە لە نیویۆرک لە ساڵی ١٩٧٥. ژمارەی سپاردنەکەی بۆ کتێبخانەی کۆنگرس (74- 26158). ژمارەی پۆلێنەکەی (ISBN: 0- 396-07095- 7). لاپەڕە (209). ناونیشانی بابەتەکە بە زمانی ئینگلیزی (Jean-Paul Sartre: Solitary Man in a Hostile Universe)، لە نووسینی (Maurice Cranston). وەرگێڕ.

[5] ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٨ لە فەڕەنسا لە مانگی مایسدا بوون، کە بە ڕاپەڕینێکی بەرفراوانی گەنجانو قوتابییان دەسی پێ کردووەو دواتر سەندیکاکانی کرێکاران بە هانی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی بەشدارییان تیادا کردووە لە دژی بۆرژوای دەسەڵاتدار. ئەم ڕاپەڕینە لەو ساڵەدا بە قۆناغێکی مێژووی دەژمێردرێت، کە مێژووی سیاسیی سەدەی بیستەمی فەڕەنسادا ڕووی داوە،ڕاپەڕینەکە هەرچەند شکستی هێناوە بە هۆی ئەوەی سەندیکای کرێکارانو پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی هەلپەرستییان نواندووەو پشتیان لە گەنجانو قوتابییان کردووەو دەستیان خستۆتە نێو دەستی دەسەڵاتی بۆژواوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوخساری دەسەڵاتی سیاسیو سیستمی ئابووریو باری ڕۆشنبیریی فەڕەنسای بە تەواوی گۆڕیوە. وەرگێڕ.

[6] بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی، کە دەسپێکە، وتارێکی تایبەتە دەربارەی ڕێباز، کە بە ناونیشانی (پرسیار لە مێتۆد Question de methode)ە، یاخود کێشەی مێتۆد. وەرگێڕ.

[7] Critique de la raison dialectique, p. 18.

[8] Critique de la raison dialectique, p. 3.

[9] هەژدەی برۆمێر ئاماژەیە بۆ کتێبێتکی کارڵ مارکس بە ناونیشانی (هەژدەی برۆمێر لویس بۆنابەرت) کاتێک نووسیویەتی، کە چووە بۆ فەرەنسا. کتێبەکە باس لەوە دەکات، کە هۆکاری چی بووە، کە دەسەڵاتی بۆنابەرت لەو سەردەمانەی فەرەنسا سیاسەتێکی بەکارهێناوە، کە جوتیارانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەژار کردووەو بە تەواوی دابڕیون لە بەشەکانیتری کۆمەڵگاو نەیهێشتووە تێکەڵیان بن. بەو سیاسەتە توانیوێتی بە سەریاندا زاڵ بێتو زیاتر بیانچەوسێنێتەوە. وەرگێڕ.

[10] ئەمبرۆز پۆڵ تۆسان ڤالێری ١٩٤٥ ـ ١٨٧١ بە یەکێک لە ڕابەرانی قوتابخانەی هۆمایی دەژمێردری لە مێژووی نوێ ئەدەبی فەرەنسیدا. جگە لەوەی شاعیرێکی بەناوبانگ بووە، شانۆنووسێکی ناوداریش بووە. لە پاڵ ئەوەشدا وتاری زۆری نووسیوە دەربارەی هونەرو مێژوو و ئەودەبو مۆسیقاو بابەتیتر. ناوبانگی ڤالێری لە ساڵانی بەر لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بووە. لە بەناوبانگترین دیوانەکانی: (شەوچەرەیەک لەگەڵ خاتوو تیست)، (چاومەی کۆن)، (بارکی کیژەلاو)، (جادوو)، (ئۆبالینۆس)، (روحی سەما)، (گۆڕستانی دەریایی)،

(فاوست)و (نێرگز)، کە لە ئەفسانەیەکی یۆنانی کۆنەوە وەریگرتووە. وەرگێڕ.

[11] وشەی پێشی، یاخود خۆرسک (A priori) بەو واتایە دێت، کە هەر هزرێک لە ئاوەزدا بێت، پێش ئەزموونکردنێتی، واتە هەر هزرێک مرۆڤ پێش ئەوەی بە ئەزموونی هەست درکی پێ بکات، بە ئاوەز درکی پێ دەکات. بۆ نموونە، هزری درێژایی لە ئاوەزماندا، یاخود یاسای نادژیەکبوون، کە ئەوە دەگەیەنێت، کە دوو دژ لە یەک چەمکدا پێکەوە کۆ نابێتەوە. بۆ نموونە: ژمارەی یەک نابێت یەک بێتو لە هەمان کاتیشدا یەک نەبێت. واتە نابێت شتێک خۆی بێتو لە هەمان کاتیشدا خۆی نەبێت. ئەم جۆرە یاسایە بە ئەزموونی هەست درکی پێ ناکرێت، بەڵکو بە خۆرسک درکی پێ دەکرێت. وشەی پاشیش (A posteriori) بەرامبەر بە پێشی دێت. وەرگێڕ.

[12] Critique de la raison dialectique, p. 93.

[13] Critique de la raison dialectique, p. 93.

[14] ئەم ناونیشانی شانۆگەرییەی سارتەر لە زمانی ئینگلیزیدا کراوە بە (No Exit)، کە بە واتای دەرگایەکی داخراویش دێت، یان شوێنێک بێت، کە هیچ کەس نەتوانێت لێیەوە بچێتە دەرەوە. ئەم شانۆگەرییە بە ناونیشانی (لە

ئەڵکامێرا)ش بڵاوکراوەتەوە، یاخود بە ناونیشانی کۆتاییەکی داخراو. بۆ یە کەم جار لە ساڵی ١٩٤٤دا، لە پێش ئازادکردنی فەڕەنسا لە ژێردەستی نازەیەکانو فاشیستەکان لە جەنگی جیهانیی دووەم پێشکەش کراوە. لە شانۆگەرییەکەدا تەنها چوار کەسایەتی هەن. بابەتی ئەم شانۆگەرییە دەربارەی (بوون)ە. هەروەها دەربارەی ئەو دەستەواژە بەناوبانگەی سارتەر خۆیەتی، کە دەڵێت: "دۆزەخ کەسانێترن." ئەم شانۆگەرییە چەند جارێک وەک فلیمی سینەما دەرهێنراوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٤دا دەرهێنەری فەڕەنسی (جاکلین ئۆدری) کردوویەتی بە فلیم. ئەم شانۆگەرییە باس لەوە دەکات، کە خزمەتکارێک لە ژوورێکدایە. ژوورەکە بە دۆزەخ دادەنرێت. خزمەتکارەکە پێشوازی لە پیاوێک دەکات ناوی (گارسین)ە، کە دێتە ژوورەکەوە. ئەم ژوورە تەنها یەک دەرگای هەیە، بەڵام هیچ پەنجەرەیەکی تیا نییە. لە دوای گارسین دوو ئافرەت دێنە ژوورەکەوە، (ئینێس)و (ئیستڵ). ئەوجا خزمەتکارەکە لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە دەرگاکە بە دوای خۆیدا بە کلیل دادەخات. هەر سێ کەسەکە لە ژوورەکەدا دەمێننەوە، بەڵام چاوەڕێ دەکەن ئەشکەنجە بدرێن، کەچی کەسیک نایەت ئەشکەنجەیان بدات. بۆیان دەردەکەوێت، ئەمان خۆیان

دەبێت ئەشکەنجەی یەکتر بدەن. لەگەڵ ئەشکەنجەدانی یەکتری هەریەکەیان لێکۆڵینەوە لە ئەویتریان دەکات دەربارەی ئەوەی، کە حەزو ئارەزووەکانیان چییەو بیرەوەرییە تاڵەکانیان چییە. لە سەرەتادا هەر یەکەیان باس لە وە دەکەن، کە لەسەر زەوی چی دەگوزەرێت. بەڵام پاش ماوەیەک بۆیان دەردەکەوێت، کە ئەمانە لە جیهانو لە هەموو خەڵکی دابڕاون. ئیتر ناچار دەبن تەنها بیر لە خودی خۆیان بکەنەوە. بەر لەوەی شانۆگەرییەکە کۆتایی بێت، گارسین دەپاڕێتەوەو داوا دەکات لە ژوورەکە بێتە دەرەوە. دەرگای ژوورەکەی بۆ دەکرێتەوە. بەڵام کەسیان ناتوانن بچنە دەرەوە، چونکە گەرمایەکی پڕووکێنەر لە دیوی دەرەوەی ژوورەکەدا هەیە. بەڵام ئەم دۆخە هەر هەستی خۆیانە لایان دروست دەبێتو لە دۆخێک دەترسن، کە نازانن چییە .وەرگێڕ.

[15] ئینێس ئافرەتێکی پانپانۆکێکەرە lesbian.

[16] Critique de la raison dialectique, p. 95.

[17] وەکو کورد دەڵێت، بە بوونگەرایانە ترشو خوێی کردووە. وەرگێڕ.

[18] سارتەر وشەی (کەمی)ی بەکارهێناوە بە هەمان ئەو واتایەی، کە لە زانستی ئابووریدا بەکاردێت، واتە

بەشنەکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ، کە سنووریان نییەو لە بن نایەن. وەرگێڕ.
[19] لێرەدا بە بۆچوونی من هەوڵدان بۆ نەهێشتنی (کەمی)، بە واتای نەهێشتنی پلەی سروشتی کەمو کوڕی دێت، کە ئەمە مەحاڵە بیگاتێ، چونکە لەبەر ئەوەی سروشتی مرۆڤ ڕەهایی نییە، کەواتە نارەهایی مەحاڵە ڕەهایی بێنێتە بەرهەم. هەر لەبەر ئەمە، مرۆڤ هەر بە ڕەهایی دەمێنێتەوەو هەر خەسڵەتی نارەهایی هەیەو هەرگیز ناگاتە ئەو ڕەهاییەی، کە خەسڵەتێکی یەزدانییە. وەرگێڕ.
[20] ئەم ناچاربوونە بۆ ئەم جۆرە خەباتە بێ وچانو بێ هودەییە، وەکو خەباتە بێ وچانو بێ هودەییەکەی (سیزیف)ە، کە (زیۆس)ی یەزدان ناچاری کردووە، بەردەکە لە دامێنەوە بۆ لوتکەی چیاکە بەرز بکاتەوەو لە سەر لووتکە نەوەستێو دووبارەو هەزار بارەو هەتا هەمیشە بێتەوە خوارەوە. واتە هیچ شتێک لە ژیانی مرۆڤدا نییە پێی بگوترێت پیرۆزی، یاخود سەرکەوتن، بەڵکو تەنها سەرخستنو داگەڕانە خوارەوە هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە خەباتی ژیانو مانەوەیدا، تاکو بەر لەوەی بمرێت، هەست بەو بێ هودەییە نەکات، کە تیایدا دەژی. وەرگێڕ.

[21] پارادۆکس وشەیەکە، بەو واتایە دێ، کە بۆچوونێک بێت، کە لەوانەیە ڕاست بێتو لەوانەشە ڕاست نەبێت. بە واتایەکیتر، بۆچوونێکی نەگونجاو بێت لە نێو خۆیدا. یاخود ناکۆکیی تێدا بێت بە پێی تێگەیشتنو زانینی خەڵک. وەرگێڕ.

[22] دیارە لەبەر ئەم هۆکارەیە، کە سارتەر دەڵێت: کەسانیتر دۆزەخن بۆ مرۆڤ. وەرگێڕ.

[23] واتە جیهانی چالاکیو سستی.

[24] Critique de la raison dialectique, p. 208.

[25] لێرەدا دەتوانین وشەی ئەنتاگۆنیزم لە زمانی کوردیدا بە واتای جەنجاڵیش، یاخود شەڕانگێزیش بەکار بهێنین. وەرگێڕ.

[26] لێرەدا سارتەر جیاوازیی نەکردووە لە نێوان (گروپ)و (تاک)دا، بەڵکو جیاوازیی کردووە لە نێوان (گروپ)و (زنجیرە)دا. وەرگێڕ.

[27] Critique de la raison dialectique, p. 610.

[28] Critique de la raison dialectique, p. 158.

[29] وەکو کورد دەڵێ: زۆر بەرز فڕیوە.

[30] واتە ئەو دۆخەیە، کە مرۆڤایەتی تیادا ژیاوە بەر لەو قۆناغە مێژووییەی، کە کۆمەڵگای تیادا هێشتا دروست

نەبووە. ئەم دۆخە بە لای هۆبزەوە پێی دەگوترێت دۆخی ئازادیی ڕەها بۆ هەر تاکێک، کە دۆخێکی شەڕانگێزیو جەنگاوییانە بووە، کە هەمووان دژی هەمووان بوون War of all against all.

[31] Critique de la raison dialectique, p. 427n.

[32] David Hume, Treatise, bk. 3, pt, 2, sec. 2.

[33] هۆبز باوەڕی وەها بووە، کە ئاشتیو یاسای سروشتی بناغەی ژیانی مرۆڤایەتین. بە هۆی ئەم یاسای سروشتیەشەوە مرۆڤایەتی ڕێگای لێ دەگیرێت ئەو جۆرە جەنگە گشتییانە بەرپا بکات، کە پێش قۆناغی دروسبوونی کۆمەڵگا بەرپا دەبوون. وەرگێڕ.